سەرچاوە
Serchawe



# بەشێک لە هونراوە و بابەتی هاوڕێ بێبەش پیرۆتی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

**٢٠١٨**

## پەپوولەکان

پێشەواکەم، ڕێبەرم، سەروەرم، ئەی شەهید تاجی خوێناوی سەرم!هێشتا تینووی ئاوی کانیاوی ئەو بەڵێنەم بە تۆم داوە،مەلی رووحم ئاونگی سەرپەلکی هیوا و چامەکانت دەخواتەوە بۆیە هێشتا نەخنکاوە.

وا"عەلییار"ی یاری غاری پێشمەرگەکان،کاک"هەژار"ی بێقەراری مردن نەناس،مێرخاسانی باوەشە پڕ گوڵاڵەکەی نییەری مینبەری پەروەر،"مەنسوور"ی سوور لە سەر ڕێگە و بیری حەللاج، مارشاڵ"چەکۆ"ی مەکۆی ئازایی و قەت کۆڵنەدان،"فەرامەرزی" رەمزی سەربەرزیی تەرەغە،"ئەردەلان"ی بیر رووناک و ڕێگە نوێن،"پەروین"و"عەزیمە"ی وەک بەهاری زستان بەزێن،"میرزا عەوڵا"ی قەڵای سەختی خۆڕاگری،"شێخاڵی" باڵی سووری هەڵۆی خەبات،"ئیفیخاری" شۆڕە سواری مەیدانی شانازیی خوڵقێن،"حاتەم"ی بەرزەفڕ و "کەڵەشی"ی ئەگید و وەک برووسکە جەرگی شەوبڕ لە گەڵ سەرهەڵدانی گەزیزەکان گشت بەهاران هەڵدەستنەوە، ڕێککەوتن،قەت نەکەوتن،سەرکەوتن و مژدەی رزگار بوونیان دەوێ.

ئەوا ئێستا لە خۆرهەڵاتی وڵاتم لە شەوقی دیتنەوەی تیشکی چاوی پێشمەرگەیە خاکم ئۆقرەی لێبڕاوە، ناخی کەوتۆتە هەژان و لە داوێنی رەوەز و لە بەر سێبەری داربەروو،لە بن پنچکی گوڵی رۆز و لە نێو پۆلی گوڵاڵاندا مەزارەکان، مەزارە پڕ لە قەدرەکان درزیان داوە، بە پۆل پەپوولەی پەیامن دێنە دەرێ، پەیامەکان هەموو رێکن، پەیامەکان هەموو یەکن: من"گەرگوولی"م من "هەژار"م، من"قۆیتاسی"م ئەمن"کاوە"م، من"لوقمان"م،"شێخ غەریب"م، ئەمن بەبرە زامدارەکەی کۆساڵانم، سوێندتان دەدەم چۆن هەر یەک بوون ببنەوە یەک.

سەر هەڵێنن سەیر بکەن، هەناسەکەم هەر وەک ودمی مەسیح وایە بۆ هەستان و هەر نەوەستان، خوێنم لە نێو دڵی کورددا هەر دەکوڵێ، دوا تیرێژی چاوم لە سەر سینگی ئالای سێ رەنگی کوردستان جێی گرتووە.

سەر بەرزکەن، کیژ و کوڕانی ئەم خاکە لە جێی بەرکۆشەکەی کاوە بە نیشانەی هەر بوون و مان جامانەکانیان هەڵداوە،دەنگیان لە گەڵ دەنگم دایە و سوێندتان دەدەن:

سوێندتان دەدەم بە فرمێسکی چاوی رۆڵەی نازبڕاوم، بە دوا تیشکی چاوی پڕ ئەسرینی دایکان. سوێندتان دەدەم بە شیر،بەخوێن، بە چەک، بە بیر، بە کوردستان، نیشتمانی پیر و ئەسیر یەکگرنەوە. سەهۆڵەکان بتوێننەوە. رێککەوتن، قەت نەکەوتن، سەرکەوتن و مژدەی رزگار بوونم دەوێ.

٢ی جانیۆیری ٢٠١٨

---

## هار بوون

هۆ دڕندەتر لە گشت دڕندان
چیتان بۆن کردوە هار بوونە دیسان
وا دیارە دەریای هەستاوی دەورە
بۆنی گەیوەتە هەناسە و سیتان.
هار بن،
هەڵدڕن،
لیک ببارێنن،
با هەر لە تاوان کەمێ نەهێنن،
چلەتان دەچێ، دەورە دەگۆڕێ
کورد سەردەکەوێ و دژی دەدۆڕێ.

٣ی جانیۆیری ٢٠١٨

## نوێژی جەژن

شووشەی شەوی رەش پڕ بووە
سەری وا توند بە مووی ریش و مێزەری رەش
بە خوێن،بە خم
بە قوڕ، بە هەش بەستراوە
بە مۆعجیزەش ناکرێتەوە،
پڕپڕ بووە و هاکا شکا.
گوڕەی شاخ و هاواری شار
کە شەڵاڵن
لە جریوەی ئەستێرەی رۆژ
کە تیژ باڵن
هەر لە ودمی پیرە شەماڵ
بانگی بوونی بەیان دەدەن.
دایکە ژیان
دەستنوێژ لە ئاوی کانی چاو
لە ئارەقەی گەرنی وەگ کێوی پێشمەرگە
لە جواناوی گەرنی شەهید
لە رووباری خوێنی رژاو
هەڵدەگرێ و
لە سەر بەرماڵی چنراوی دەسی خەبات
خەباتی سووری رۆژهەڵات
هەڵدەستێ
بە دڵ نێتی بە حەق دێنێ

نوێژی جەژن دادەبەستێ.

٤ی جانێوێری ٢٠١٨

## چلچرا

*بۆ مامۆستای نەمرم حەکیم فەتاحی کاویان.*



چلچراکەم
سوێندت دەدەم بە ڕووناکی
مەکوژێوە
هێشتا ئاسمان لە سەر ژانە
دووگیانە
بۆ بارانی هەست
رووی بەفرینی کیژی لاپەڕ
هەروا خولیای سێحری خاڵە
خاڵی خامەی سەرکێش و مەست.
هێشتا خاکمان
رۆژووی رووناکیی نەشکاوە

بەیان بەندی خێوی شەوە و
لە چوار دەوری
خەوتووانی نێو گوێی گاگەل مۆڵ دراوە.
مەکوژێوە
راستە سەختە مانەوە و بوون لەم کەوشەنە
کە هەر دەڵێی
تەلەسمی داوی حەزیایە
هەڵدانی پێکی تاریکی و
خواردنەوەی ژاری لێک جوێ بوون
دوایی نایە.
گیانە سەختە
گەلێک سەختە دەردی وەرینی ئەستێرە
یان شکانی باڵی مەلی ئەو نیگایەی
لە نوور تێرە.
بەڵام کاکۆ
چلچراکەم
تیشک و رووناکیی بیری تۆ
زاڵە لە سەر بێ هیوایی
زاڵە لە سەر
شەوی رەش و
بیری رەش و
دەیجووری لێک تەوەلایی.
سوێندت دەدەم بە رووناکی
مەکوژێوە
دەهەڵبەوە

**هێشتا خاکمان**

**رۆژووی رووناکیی نەشکاوە،**

**دە هەڵبەوە**

**روانگەت**

**بیرت**

**نوور و هەستت وەک هەتاوە.**

**١٨ی جانێوێری ٢٠١٨**

---

## کۆمارەکەم



**بوونت پیرۆز**

**ئەمرۆ سرووش خەفەتبەر و شادی هێنە**

**سەر هەڵێنە**

**یادت وەک خۆر**

**درکستانی سەر رێی هاتی فریشتەکان**

**دەسووتێنێ.**

**سەر هەڵێنە**

سێحری شەکانەوەی ئاڵات
وەک خەڵاتی پڕ بە باڵات
فەخر دەداتە بەرزایی
وەک فڕینی پێشەواکەت
بەرەو ژینی بێ کۆتایی.
کۆمارەکەم
دە ڕابەوە
گرمە و ریتمی شاسروودت
دڵی رەقیب دەلەرزێنێ
پڕ بە جیهان بانگ هەڵدەدا
کورد هەر ماوە و هەردەمێنێ.
کۆمارەکەم
دەم دەمی هەستانەوەتە
تێر بڕوانە
ناو و گوڕە و
هێز و ورە و
گڕی چنگی پێشمەرگەتە
کێ کانییەکم کوێرکاتەوە
نێرگزێکم بژاکێنێ
رەوەزێکم بڕووخێنێ
نەک هەر"داعش"
خوای شەڕیش بێ دەیشکێنێ.
کۆمارەکەم
دەهەستەوە
سەر هەڵێنە

ئەمڕۆ سرووش خەفەتبەر و شادی هێنە.

٢٠ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## هەر بەڕێوەم

گەردوون چەرخێکی دی لێدا
کەچی ئەمن هەر بەڕێوەم
زۆر جار ویستیان بمشکێنن
بەڵام ئێستاش هەر بەپێوەم
فوو لە چرای شارم کرا
شەم لە ڕێ شارەزای کردم
بە بێ رووحمی رووحیان کێشام
بووم بە خدر و هەر نەمردم
زۆر جار لە سەر رێی درێژم
چاڵی بێبەن وە دیار کەوت
بەشێ لە کۆڵەبارەکەم
خزا لە شان و تێی کەوت
دەیان ساڵە هەر بەڕێوەم
تا شەوچرای شاری دڵم
هەڵکەمەوە و بانککەمەوە
خۆزیای خەمڵیوی ژێر گڵم
دەیان ساڵە هەر دەگەڕێم

به شوێن ئەوەی دڵمی کڕاند

دەیان ساڵە دە ڕق ڕاچووم

لەوەی ئاڵاکەمی دڕاند

دیسان دەڕۆم و هەردەڕۆم

هەتا بەهار بژینمەوە

بەتینی ئاگری دڵم

بەفری زستان بتوێنمەوە

دیسان دەڕۆم و هەر دەڕۆم

بۆوەی بەهار بژینمەوە

تۆڵەی کۆرپەی سەرمابردوو

لە سەرماوەز بستێنمەوە

٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## پاک

لە ناخی پڕ لە داخی" کێلە شین" م

سەری بەرزت لە گەڵ ئاڵام دەبینم

لە نێو دێڕدێڕی دیرۆکی خەباتم

لە پاکیدا بە پاکی دەتنوێنم

نە هەر من رۆژهەڵات چاوی لە تۆیە

بباری بۆ سەر ئاوری دوو برینم

کە تۆ ئوستادی فێرگەی عاشقانی

بەڵێن بێ تا وەسڵ هەر لێی بخوێنم

٢٤ی جانێویری ٢٠١٨

---

## ع.ت.ف



عەین وتف هاتوون هەتا خەون و حەزم درووێنەکەن
قوور بە سەر هاتوون هەتا شین تێکەڵی ئەم ژینەکەن
دەوری ئاسکی چاوکەژاڵی روو بە خاڵی من دەدەن
تا بەخوێن و گۆشت و پێستی سستیی ویستی کینە کەن
هەر دەڵێی حاڵی نەبوون کورد هەر وەکوو کورد نابەزێ
سێ گورک چیە، هەرچی وەحشیە با تەماع لەو خوێنە کەن

٧ی مارچی ٢٠١٨

---

## کڕنۆش

ڕۆژی ژنەو و کاتی ڕێز گرتن لەو دیارییە گەوەرەی خولقێنەری جیهانە کە بە سرووشتی بەخشیوە.

دەبا کڕنۆش بەرین بەرانبەر ئەو ژنەی کە ژیان بەرهەم دێنێ و دەبێتە دایک، دایک کە سەمبولی فیداکاری و، ڕەمزی سۆز و، نوێنگەی خۆشەویستی و نموونەی وەفادارییە.

بەرانبەر بەو ژنەی کە بە ژانترین ژان دەچێژی هەتا گەوهەری شەوچرا پێشکەشی ئەویندارانی ڕووناکی بکا. هەتا گەرمییەکی بلاوێنتر لە تینی هەتاوی بەرەبەیانی بەهاری بە گوڵجاڕی ژین ببەخشێ.



بەرانبەر بە دایکی من، بە دایکی کورد کە لە هەموو ماوەی بوونیدا لە بەرانبەر رهێڵەی تەرزەی بەڵا، بەڵای سرووشت، بەڵای دژ و بەڵای نەیار، بەرانبەر بە بەڵای گورگی بێ بەزە و هار، باڵی لە سەر باڵای ڕۆڵە کردوە بە سپەر و بە بایی خوێنی دڵ پاراستوویەتی.


کڕنۆش بەرین لە بەرانبەر ئەو ژنەی کە بۆتە شێری بێشەی وڵات، جامانە لە مل بارووتی کردۆتە کل لێوی لوولەی تفەنگەکەی پێنەخشاندوە، ئەو تفەنگەی گوڕەی شاخ و دەنگی شارە، ئەو تفەنگەی بڵێسەکەی ئاوری نەورۆز و، پەیامەکەی هەر بەهارە.

کڕنۆش بەرین لە بەرانبەر ئەو ژنەی کە بۆ رۆڵەکەی ئەسپی خەباتی زین کرد و هەر لەو ئەسپە بەژنی سڕ و لە خوێن شەلاڵی دابەزاند،بەڵام کێوانە نەیناڵاند،سەری بەرزی هەر دانەنوواند.

سڵاو لە تۆ ئەی ژن، سڵاو لە تۆ ئەی ژنی کورد کە بۆ گەیین بە رزگاری بوویەتە پرد، ناڕووخێی وەک نەرووخاوی. تۆ هەتاوی، تۆ ژین بەخشی، تۆ دایکی، تۆ شاگوڵی نێو سەنگەری تێکۆشانی، تۆ بەهاری، نوێنگەی جوانی و رەمزی مانی.

٩ی مارچی ٢٠١٨

## عەفرین




هاوار هاوارە هەواری کوردان
هەروا شەڵاڵە لە ژان و دەردان
قینی پیر دەخوا منداڵی ساوا
لە عەفرینەکەی دڵی رۆژئاوا
کوا مافی مرۆڤ کوا خاوەنی داد
هاواری بەرمێ هەی داد و بێداد
بۆچی رەوایە خاک لە خوێن پڕ کەن
بێن هەتا پیر و جوانی کورد قڕ کەن
چرۆی شاگوڵی هیوام وەرێنن
تۆوی ناکۆکیم لە ناخ بچێنن
کەس دادم نادا با خۆم خەم بخۆم
لێک گرێ بدەم پەنجەکانی خۆم

یا سەربەست بژین یا هەموو بمرین

بمرین بۆ ژیان وەک شێری عەفرین.

١١ی مارچی ٢٠١٨

---




وا خەریکە شەو زستانی دوور و درێژی ستەم و سەرەرۆیی خوێنمژانی سەردەم بەرەو تەواو بوونە و هاکا خۆری بەختی کورد لە رۆژهەڵاتیش هەڵهات.لە گەڵ تیشکی چاوی پێشمەرگە دڵی خاکمان گەرمتر دەبێ و لە ناخییەوە شاگوڵی ئاواتی سوور پۆشە نەمرەکانمان هەڵدەدا و کوردستانمان هێندەی دی دەڕازێتەوە.

کیژ و لاو و ژن و پیاوی خاوەن بیر و ورەی کورد دەست لە نێو دەست خۆیان بۆ زەماوەندی رزگاری ئامادە و تەیار دەکەن.

١٢ی مارچی ٢٠١٨

---

## توڕە



جێژنی نەورۆزێکی دیکەی کوردی هات
نێرگزم چاوی خەواڵووی هەڵنەهات
چاوەڕێم وەک مەم کە زینم بێتە ژوان
زین کە بەندە چۆن لە خەم دەمبێ نەجات؟
خۆر لە ژێرهەوری لە یەک بوون توڕەیە
بای شەماڵ هاوار بەرەو کوێستان دەبات
گڕ بەرەو بەرزی دەچێ و قەدری نیە
دووکەڵی کورتبینیە هەر سووڕ دەدات
سەوزیی هیوای مانە رایگرتووم ، دەنا
گیان لە جەستەم وەک گەڵای بەر با دەڕوات

١٩ی مارچی ٢٠١٨

---

*لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە مامۆستایەکی زانکۆ نامەیەکی بۆ ناردم هەتا بە رێبەرایەتی دێمۆکراتەکانی بگەیەنم.منیش ئیزنم لەو دڵسۆزە بەڕێزە وەرگرت و کردم بە نامەیەکی سەرئاوەڵا.*

ئەمە دەقی نامەکەیە:

وێڕای ڕێز و سڵاو و حورمەتم بۆ مامۆستا بێبەشی خۆشەویست ...
برای ئازیز و دڵاوارەم ..
من وەک کوردێکی ڕۆژهەڵات جەرگ پڕ لە خوێن لە گەڵتان دەدوێم ..

دیارە ئێوە لە ناو جەرگەی شۆڕشن و منیش لە نێو جەرگی ناوو خۆ زۆرم گلەیی و گازندە هەیە ..
مێژوی گەلی کورد جیا لە مێژووی هەموو گەلانی تر مێژوویکی خوێناوی پڕ هەوراز و نشێووی هەیە ..
ئێمە لە ئازایەتی و بەرخۆدان و قارەمانەتی هیچ لە گەلانی دنیا نەماوینەتەوە، بەڵکوو بە بەڵگەوە دەڵێم لە هەمووان ئازاتر و بوێر ترین ..

مەخابن کە نورە گەیشتە تەبایی و سیاسەت بەشمان دۆڕان و تارانە و بۆیە هیچ کات هیچمان نەبووە بە هیبچ ...
هەمیشە کاتێکیش دۆراوین ئامانژەمان بە ئاسۆی ڕوونی داهاتووە و حاڵی حاڵمان وێڵ و واوەیلان کردووە ..
بە قەولی ڕێبەری شەهید ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بە چاکی پێ بەجێ ناگەیەنین و کێشەکان بۆ داهاتوو بە هیوای ئاسۆی ڕوون حەواڵە دەکەین .

کەواتە بەرەی داهاتووش لە گەڵ ئەم کێشانەی کە ئێستا هەمانن دەست و پەنجەی نەرم دەکەن و بەرچەی سیاسەتی ئێمەش دەبێت بەهیچ و بێ ئەوەی توانیبێتمان ئەرکیان لەسەر سووک بکەین، تۆ بگرە باریان قورستریش دەکەین...

مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە کە ئەوە بڵێم کە ئومێدوار بە داهاتوو نەبیین ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە دەسپێکەکانمان بگۆرین ، هەوڵەکان چڕتر بکەینەوە و پلان و نەخشەڕێگە دابرێژین...

دەست لە حەزەکانمان هەڵبگرین و لە پێناو داڕشتنی سیاسەت و ستراتیجیەتی خەڵک پەسەند دەست بەکار بیینەوە...

ئێستا گەورەترین لەمپەرێک کە لەبەر دەممانداییە ناتەبایی و نا یەک ریزی ماڵی ئۆپۆزسیۆنی کوردە...
دابەش بوونی دێموکرات، لەلەت کردنی جەرگی ئێمە بوو ، رووخاندنی حەز و هیواکانمان بوو، خۆشی بۆ دوژمنمان بوو...
تۆزێک بە خۆماندا بچینەوە ، کاتێک دوژمن هەوڵی تیرۆرتان دەدات ناپرسێ کێتان باڵی کام لایەنە ، با قادر قادری بێت یا سەلاحی.... بێت...

ڕێگە بدەن خوێنی تازە بچێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب..

ڕێگە بدەن ئاڵووگۆڕی پێویست بکرێت.

ڕێگە بدەن هەمووان قسەی خۆیان بکەن..

ڕێگە بدەن خۆمان ڕەخنە گر بیین.

بەڵام ڕێگە مەدەن دوژمن پێمان پێ بکەنێت، بلێ ناتەبان، ناڕێکن وەک گزگل دویان لە سەر سێ بەند نابێت و پشتیان بۆ خۆیان دەشکێنبن...

زانیوتانە دڵی جەماوەری ناوخۆتان شکاندووە ؟؟؟ زانیوتانە زۆرتری ئەو کەسانەی ئاکادمین دڵیان لێتان ڕەنجاوە؟؟

چاوتان لە دوسێ منداڵ و مەزن نەبێت کە لە دورەوە چەپڵەتان بۆ لێدەدەن، پشت بە زانکۆکان و خوێندکاران ببەستن، نەک داخۆ کەی مامە ئەمریکا بێت بۆ بەرژەوەندی خۆی یارمەتیتان بدات و کاتێک ئیشی خۆی پێک هات سوک و ئاسان بمانفرۆشێتەوە...

لێگەڕێن با بلێین ئەم موستەفا لەم باڵەی دێموکرات ترسنۆک بوو، سووک و چروک بوو، سەرکردە نەبوو، با بلێین ئەو مستەفا گەرایەوە و سەری شۆر کرد بۆ لایەنی بەرامبەری و هەزاران با بلێین و بابلێینی تر...

ئەوە ئەم هەموو ناوە نووتکە ئەو گشتە ناتۆرە نییە، ئەوج و دواکۆتایی مەردایەتی و سەری لوتکەی بەرزنشینی و خەبات و خۆ ڕاگرتنەوە..

ئەوە یەک گرتنەوەی جەرگ و دڵ و هێز و هێوای ڕۆژهەڵاتە و هەوێنی ژیانەوەی هیواکانامانە..
نوسینەوەی لاپەڕەی زێڕینی مێژوە و ڕوون کردنەوەی ئاسۆی ڕوونی دوارۆژانی خەبات و ڕزگاری گەلی لەت لەت کراوی، سک سوتاوی، هەڵقرچاووی کوردە .

من مامۆستای زانکۆم....

غەیری دڵسۆزی بۆ گەلی کورد هیچ و خولیایەکی ترم نییە..

ئێستا کە بیر لە مێژوی گەلی کورد دەکەمەوە فرمێسکم بۆ بێ کەسیمان دێنە خوارێ...

بێکەسیش نیین گەر خۆمان ببین بە کەسی خۆمان...

ئەم دەنگەی من بە هەردوو موستەفا کان بگەیەنە...

بفەرموو ن ئێمە چی بکەین؟؟

سوچمان چییە؟؟

تاونمان نییە..

٢٥ی مارچی ٢٠١٨

---

## هەستە گوڵ پۆش



هەستەوە ئەی نەمری گول پۆشم

وەک سرووش خاوەنی مژدەی خۆشم

ئەگە سوور بوو ئەگە دوور بوو رێمان

ئەگە گەنجی بە بێ باری جێ مان

دڕی شەڕ باڵ و پەڕی لێ کردین

بای خەمان بەرگی حەزانی بردین

چاو لە دەست بوون و جەمی بێ نانی

لە چەمان روندەکی سووری هانی

بە چزەی داغی دڵی بێ تۆیی

هەرچی حەجمین بوو نەبان بوو رۆیی
شینی ژاکانی گوڵان وەک ماری
پڕ دەماری ژینی کردین ژاری
نازی شێواوی نەمامی قژ کاڵ
تامی حەڵواشی لە دەم کردین تاڵ
تانە و فێڵی دژ و نامەردان
کەوتە سەر باری خەم و گشت دەردان
هەستە بڕوانە زەمان گۆڕاوە
چادری هیوای لە دڵان هەڵداوە
چەکی ماوی تۆ و گورەی نێوشاران
سامی خستۆتە قەڵای شای ماران
یادەکەت گوڵ دەچنێ بۆ جێژن
شان و جامانە خەمان دەنێژن
چەمی تۆڵە و بەحری قین هەستاوە
کۆنە دیواری یەئس رووخاوە
هەستەوە پێشکەوە وا دێ شادی
دەگرین دەستی پەری ئازادی.

٢٨ی مارچی ٢٠١٨

## نامەی دووهەمی مامۆستای دلسۆز

دۆستی هێژا و برای دڵ ئاواڵە ...

وەکار کەوتنەوەی ماشینی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران و شەهید بوونی چەندەها کادر و پێشمەرگەی دێموکرات دڵی ئێمەی کردە خوێن و هەستی دڵسۆزیمانی، نەک بۆ جارێک، بەڵکو بۆ سەدان جاری دیکە بزواندووە...
دیارە لە خەباتی حەفتاو چەندساڵەی دێموکراتدا نە ئەوە یەکەم جارە شەهید دەدەین و نە دوایین جاریکیش دەبێت کە خوێنی بە ئەمەکترین رۆڵەکانی گەل دەکرێتە کاسەی پاوان خوازی دەسەڵاتی خوێن ڕێژی سیستەمی ناوەندی...

بۆیە دەڵێم سیستەمی ناوەندی کە ئەوتان جوان بۆ ڕوون بکەمەوە، هیچ جیاوازیەک لە نێوان ڕەزا و حەمەڕەزا و مەلا دا بە نیسبەت گەلی کوردەوە نەبووە..

بە گۆڕانی ڕژیمی پاشایەتی ئەوەی گۆرانی بە سەردا هات تەنیا «ساواک» بوو بە « واواک » تاجی «زێرین» بوو بە« پەڕۆین »!!!!

مەخابن هیچ گۆڕانێک بە سەر عەقلیەتی پاوان خوازی سەنترالیسمی تورکی و فارسیدا نەهات و ناشهێت...
بە ورد بوونەوە لە ناوی قوربانیانی ڕەشەکوژی هیچ جیاوازیەک لە ئەم باڵ و ئەو باڵی حیزبەدا نابینم .!!!!
سەیرەکە لەوە دایە بە نۆبە ڕۆژێک لە حدک و ڕۆژێک لە حدکا قوربانی دەگرن و ڕاویان بە کەو کەو و دەو دەو لێدابەشیون، بەڵام داخ و هەزاران داخ دۆستان لە فکری ئەوەدان کێ بە کێ دەڵێت هاوڕێیانی پێشوو و پاشوو، حیزبی دایک و حیزبی باوک و... هەزاران ناوو و ناتۆرەی سەیر و سەمەرە لێک نان، ناوی نراوە چالاکی حیزبی و هەزار وشەی زل و زەق و بێواتا و بێ ناوەرۆک !!!!

لە پێش هەموو شتێکدا پێدا چوونەوە بەخۆمانمان لێبۆتە کێوێکی سەخت و هەڵەت و پڕ لە دژواری ...

* لە گۆشە نیگای ئێوەوە ڕەنگ بێت لای خۆتان و لە نێو خۆتان، خۆتان بە شۆڕش گێر و هەزاران مێر و بشگرە نێرتر بزانن و سەرگەرمی دابەش کردنی پۆست و ڕێگە و پێگە دانان بۆ ئەندامان و نوسینی پەیڕەوو و پرۆگرامی حیزبی و خۆ خەریک کردن بە چڕ کردنەوە کار و چالاکی و..... کە لە حیساب کردن نایات. هەڵبەت دیاریشە بە ڕواڵەت خۆتان بە خێواری شۆرشی ڕۆژهەلات دەزانن و مافی ئەوشتان پێدەدەم کە وابیر بکەنەوە ...

* بەلام.... پێم خۆشە وەک هەڵسوڕێکی نێوخۆیی گۆشەی نیگا و ڕوانگەی ئەو خەڵکە وا ئێوە خۆتان بە خزمەت گوزار و خێواری سیاسی ئەوان دەزانن شی وەکەم....
با بلێین ٢٥ گەلاوێژە و ٧٣ یەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتە هەردوو باڵ خۆیان با خاوەنی سەروەریەکانی دەزانن....

ساڵ ڕۆژەکانی تریش وەک ڕۆژی پێشمەرگە و دووی ڕێبەندان و ١٠ ی خاکە لێوە و ساڵرۆژی تیرۆری شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی، یەکتان سەرکردایەتی و یەک لە ژێرکردایەتی، یەک لە زەویە سپی و یەک لە هەرمۆتە، یەک لە قەلا و یەکتان لە قولا، بەلام هەردوک لە قوڕا لە بیری بەر تەسکی خۆتاندا گێژ و ویژن و هەریەکە ئەسپی خۆتان تاو دەدەن....

ئیتر بیرێک لە خەڵک ناکەنەوە و لە خۆتان بپرس، ئەرێ باشە ئەو کەسانەی ئێمە شۆڕشیان بۆ دەکەین، بەم کار و ئاکارانەی ئێمە ڕازیین یان نا ؟؟؟؟!!!!!!

هیچ کە لایانگری لێقەوماو و ئاسایی سەری لێشێواوە، عەرەب واتەنی لە بەینی خوَف و ڕەجادا ماوون لێیان ڕوون نییە کێ ڕاستەو و کێش درۆ....

جا هەر کەس بە گوێرەی ناسینی شوناس و ئاشنا وە یان خزم و کەس کاری خۆی لە هەر باڵێک خۆی ناو ناوە حدک یان حدکا!!!

ئەووەش وا کەس نانسێت لێقەوماوتر و ساردەوەبوو لەم باڵ باڵێنەیە و هەر یەکە بە لایەک پرتەوازە بوون.

ئەوەش ئەو خاڵەیە وا دوژمنان لە دووی دەگەڕێن...

* زۆر بە جورئەت و جەسارەتەوە دەڵێم ئەگەر ئێستا ڕفراندۆمێکی مەجازی یان حەقیقی بکەن لە سەدا دو یان سێ کەسی نێخۆ دەنگ بەو شێوازە نادەن وا گرتوتانەتە بەر..

دەی کە وابوو بۆ کوێ وا بە پەلە...

ئاڵوگۆڕی ئەم دواییە دەرفەتێکی ترتان دەخاتە بەر دەست و هەلێکی تری بۆ ڕەخساندوون، ئەگەر بە خۆتاندا نەچنەوە دەبنە حیزبێکی پاشکۆ وبەرەو چکۆلەتر بوونەوە دەرۆن..

ئێستا کۆماری ئیسلامی لێتان بۆتە سووری دوو دوو گر هەر ڕۆژێک زەبرێکتان لێدەدات و فەرقی هیچتان ناخات.

٣٠ی مارچی ٢٠١٨

---

*دۆستێکی خۆشەویستم لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە ئەو بابەتەی بۆ ناردووم، لە گەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ ئەو خۆشەویستە ئێوەش ئازیزانمی لێ بێبەش ناکەم.*

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیی ڕوو دەدات...؟؟؟

مان گرتنە کانی ئەم دوایانە کە ئێستا لە شارە سنوریەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە، بە ڕواڵەت گوزراشت لە خراپی باروودۆخی ئابووری دانیشتوانی ئەو شارانە دەکات. کاسبکاران کە جاران گەشەی ئابووری ئەم ناوچانەیان لە سەر شان بوو، ئێستا بەرەو ڕووی چەندین گوشاری هاوکات بونەوە.

لە لایەک بەرز بوونەوەی نرخی دۆلار کە بایی شتومەکەکانی تا سەدی شەست بەرز کردۆتەوە و لە لایەکی دیکەش گران بوونی نرخی گومرک زێدە بایەکی تری خستۆتە سەر نرخی تەواو بووی ئەو کەل و پەلانە کە لە وڵاتانی دەروەی هاوردە دەکەن..

ئەم گران بوونی سەد لە سەدیە، گەشەی ناوچەی خستۆتە مەترسی و باری ئابووری خەڵکی سنور نشین و تەنانەت ناوەندی پارێزگاکانی سنوریشی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی.

* جا پرسیار لێرە دایە بۆ ئاوا دۆخی ئابووریی خەڵک بەرەو خراپی ڕۆشتوە، یان دەسەڵاتی ناوەندی ئەو دۆخەی بەرو خراپی پاڵ پێوە ناوە!؟!؟

وێ دەچێت کە چەندین هۆکاری سەرەکی هەبن کە ئەم دۆخە بەرەو ئاڵۆزی ڕۆشتبێت.

* دیارە سیاسەتی هەنارده کردنی شۆرشی ئیسلامی و دەست تێوەردانی دەرەکی کۆماری ئیسلامی لە کار و باری وڵاتانی دەرەوە و پتەو کردنی بە وتەی خۆیان سەنگەری بەرخۆدانی بەرەی ڕەش و ڕووتی شیعە خەرجێکی زۆری داوەتە دەستیان، کە لە تای هێزی ئابووری و سیاسی ئێران پترە .

دابین کردنی ٨٥ ملیار دۆلار بۆ تێچووی ئەو شەر و ئاژاوە نانەوە خەزێنەی ئابووری ئێرانی خاڵی کردووە..

بۆ قەرەبووی تێچووی سیاسەتی دەست تێوەردانی ئەوانە، بە بیانووی بەرگری لە حەرەم، دەوڵەت سیاسەتی کەم کردنەوەی بودجەی دام و دەزگای دەوڵەتی خۆی، جگە لە دام و دەزگای سپای پاسداران و بودجەی سەربازی ڕەچاو کردوە ..

ئەم هەڵسوکەوتەی دەسەڵاتی بە قسە ئیسلامی تەحریمی سیاسی و ئابووری وڵاتانی دونیای بە دیاری هێناوە بۆ ئێران و بەهای دراوی میللی بەرەو دابەزین پاڵ ناوە ..

* لە لایەکی تریش کورت هێنانی بودجەی بە فرۆشتنی دۆلار لە بازاری ڕەش قەرەبوو دەکاتەوە.

** گەندەڵی و فەسادی ئیداری، ڕانت، دزی، قۆرغ کاری لە پیشە سازی ماشێن و مافیای هاوردەیی لە ئێران هۆکارێکی تری دارمانی ئابوورییین لەم وڵاتە.

** ئەوانەی لە پێشدا باسم کردن لایەکی سککەن.

لە لایەکی دیکەشەوە، وەک باش دەزانیین لە دوژمنانی کورد، کۆماری ئیسلامی ئێران مەترسیدارتین دوژمنی سەرەکی کوردە.

* کەوابێت چەند هۆکاری تر هەن کە کۆماری ئیسلامیان گەیاندووە بەو قەناعەتە کە بە هەر جۆرێک بێت سزای خەڵکی کورد بدات.

* هاوخەمی بۆ بوومەلەرزە لێدراوانی کرماشان هەموو سنوری ئاین و مەزهەبی تێپەراند. کورد یەک دەنگ و یەک ڕەنگ وەک ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستان بە دابین کردن و و یارمەتیدانێک کە بۆ ئەوەی دەبێت وەک داستانێک لە مێژودا تۆمار بکرێت..

بە هۆی بێ باوەری خەڵک بە کۆماری ئیسلامی هەموویان ڕاستەوخۆ یارمەتیان دەگەیاندە دەست برایانی لێقەوماویان..

وەک نموونەش خەڵکانی شاری بانە، کە شارێکی زۆر پڕ ڕەونەق و بووکی خۆر ئاوای ئێران بوو و زۆرتری گەشتیاران بۆ کڕینی کەل و پەل ڕوویان لەو شارە دەکرد، بە جۆرێک وەک نمادی سەروەت تاج و پێشەنگی ئەو بەرخۆدانە بوو.

بە سەدان بار هەڵگر لە هەموو پێدوایستیێکیان لە خۆ دەگرت، خۆ بەخشانە و ڕاستەوخۆ گەیاندیانە دەستی لێقەومانی بوومە لەرزە کە.

* ئاڵوگۆڕی سیاسی ئەم دوایانەی باشوری کوردوستان وەک ریفراندۆم بۆ مافی چارەی خۆ نووسین و سەرکەوتنی کورد لە خۆرئاوا، چەندین هۆکاری ترن...

دەر بڕینی شادی و خۆشی کوردانی ڕۆژهەڵاتی بۆ ریفراندۆم و هاتنە سەرشەقام و شایی و هەڵپەڕکێ و یان ڕێپێوانی خەڵک بۆ کۆبانی، خەفەت و هاوخەمی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر و کەوتنی عفرین یەک ریزی هەموو کوردانی بۆ مافی چارەی خۆنووسین، کۆماری ئیسلامی گەیاند بەو قەناعەتە کە بە قەولی خۆیان گوشماڵیەکی کوردی پێ بدەن...

*پێ دەچێت بڕین و داخستنی سنورەکان لە ئەنجامی ڕق و قینی دەسەڵاتی ناوەندی، بۆ تەنگ کردنی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی کوردوستان بێت، تا وەکو لێکەوتەی سیاسی بارو دۆخی ئێران..

* گەرچی دەسەڵاتی ناوەندی، داخستنی سنورەکان وەک خەتایەک لە مل دەسەڵاتی ناوەندی عێراقی دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیە بۆ قڕ کردن و خستنە ژێر گوشاری خەڵکی ئەم بەشەی کوردستانی بن دەستی خۆی..

دەنا زۆر بە ئاسانی ڕژیمی حەیدەر عەبادی، کە لە ژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی دایە، مل بە ویستی ئەماندا دەکات ....!!!!

هۆکاری سەرەکی مان گرتنیش دانوستانە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دۆخەی جاران بۆ بازاری و کار و کەسابەتی خەڵکیە، بەڵام مێژوی دانوستانی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدات غەیری درۆ و کات کڕین و حەواڵە بە گەواڵە کردن هیچ لێکەوتەیەکی ئەوتۆی پێوە نەبێت !!!! زۆریش ئەگەری ئەوە هەیە کەسانی گێرە شێوێن بیان هەوێت ویستی خەڵک بەرەوە عاقاری توند و تیژی بەرن، کە ئەو داخوازیە هێمنانەی خەڵکی لە بار بەرن..

ئیدیش بەهانە ساز ببێت بۆ چەسپاندنی بەر چەسپی دەرکی....

دوایش کەسانێکی وەک نوێنەری بە ڕواڵەت خەڵک خۆ لە شتەکە دەکەن بە ساحەب، زۆرۆیانە دەبن بە ئەستێنەری مافی خەڵک و خەتمی بە خێری دەکەن..

بەڵام گرینگە ئەوەیە کە شەقامی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەرەوە بە هێز بوون دەچێت و خۆی لە ململانەیەکی نوێدا دەبینێتەوە.....

١٧ی ئەپریلی ٢٠١٨

---

## هەستان




وادەی هەستانە دە هەستە چەشنی"بانە" ئەی وڵات
رۆژی بەخت نیزیکە دێ بۆن و شنەی خۆشی نەجات
چل شەوەی هار بوونی گورگان وا بەرەو کۆتاییە
عەیب و نەنگە ترس و دامان بۆ هەناسەی رۆژهەڵات

٤ی مای ٢٠١٨

---

## جوانی

لە بوونت روون بوو ئاوی چاوی کانی
لە مانت داری هیوا باری هانی

لە جوانییت دڵ وەکوو پەروانە سووڕا

سەری هەڵدا لە ڕێت مەجنوونی ثانی

١٣ی مای ٢٠١٨

---

## فڕین



شووی قەفەسم کرمۆڵ بووە

هاکا شکا و ڕزی و نەما

دیسان باڵم

بە موعجیزەی دەمی دایکم دەکەمەوە و

لە گۆی مەمکی شەلاڵی شیری پاک وەک خۆی

پڕ بە ڕەگم

گشت ڕەگی تەنراوی گیانم

دەخۆمەوە

رادەبمەوە

دەفڕم بەرەو سینگی ئاسمان

رادەمووسم گۆنای نوورانیی ئەستێرە

باوەش دەگرم بە بەژنی مانگ

هەتا هەدا دەدا دڵم

لە گەینە کامی ڕووناکی

لە چێژی شیرینی پاکی

١٧ی مای ٢٠١٨

# بەیان



خەزاڵەکەم
خەزاڵە چاو لە ڕێگەکەم
وا بەیانە و دەسنوێژەکەم
لە بارانی هەوری چاوان هەڵگرتوە
دەستی شوکرم
بەرەو داوێنی رووناکی
بەرەو توولە گزنگی حەق
بەرەو قیبلەی خۆشەویستیی خۆشەویستی
هەڵێناوە
وا بەیانە
دوای عومرێکی دوور و درێژ
شەوێکی دی سەری ناوە.
خەزاڵەکەم
خەزاڵە چاو لە ڕێگەکەم
لەم بەیانە
خەڵوەتخانەی دڵم پڕە
شین و شادی وێکڕا کۆڕیان لێگرتووە
بۆ یەلدایە
کۆڕی شین و واوەیلایە،
شادیی پێشوازیی رووناکیش
دەریایەکە و لە بن نایە.

٢٦ی مای ٢٠١٨


## نەقیم



کورتیلەیە لە باڵادا و
گەرنی لووتکەی ئاراراتە
گۆمی مەندی سینەی پیرە نیشتمانە و
خوڕەی ڕێژنەی هەوری چەکی
جەژنانەکەی شەوبەراتە
نەقیمی ورد و پڕ ورشەی ئەنگووستیلەیە و
رازێنەری پەنجەی دایکە کوردستانە
چیای سامە
گڕی رقە
تۆڵەی حەقە
ریشە کێشی دوژمنانە
تا کورد هەبێ بوونی هەیە
شکێنەری مردنیشە و
پێشمەرگەیە.

جۆزەردانی١٣٩٧ - ١٠ی جوونی ٢٠١٨

## شۆق



لە تاڤگەی روونی بیری بێ سنوورت
لە نێو زاتی دڵۆپی خوێنی سوورت
لە شۆقی ئاگری لوولەی قەنناست
ئەوا هەڵدێ هەتاوی بەختی دوورت

٢٤ی جوونی ٢٠١٨

---

## هاتوومەوە



وەک تیشکی خۆر هاتوومەوە
هەتا کوێر کەم چاوی رەشبین
هەتا کون کەم دڵی شەو و دوژمنی ژین
هاتوومە
گوڵپڕژێنی گۆڕی یاری سوور پۆش دەکەم
بۆ گۆوەندی زەماوەندی بووکە خانی زاوای خەبات
جێ خۆش دەکەم.

٨ی جوولای ٢٠١٨

---

## هەستن!




کۆڕ گەرم کەن
وەک هەناوی بەتینی شاخ
وەک دڵی پڕ ئاگری شار
وەک هەناسەی دەمی دڵدار،
وا دوو زاوای هەناسە سوار
بەسواری ئەسپی هەرمانیان
بەرەو پیلی بووکی سوور پۆش
وەڕێ کەوتن.
هەستن!
دەبا نەعرەتەتان
ئاوازی چۆپیی تۆڵە بێ
قاقای چەکی خەم بەزێنتان
شادیی ئەم خاک و خۆڵە بێ.

١٧ی جوولای ٢٠١٨

---




ئاسمان بە تەم، وڵات پڕ خەم
ئاسۆ تاریک هیوادار کەم
لەپڕ لە نێو دڵی هەورا
تیشکی شیری هیوا بینرا

گەشا هەرچی کێو و مێرگە
بە ناوی بەرزی پێشمەرگە
بژی بژی ئەی پێشمەرگە

٢٠ی جوولای ٢٠١٨

---

هەستەوە ئەی نەمری گول پۆشم
وەک سرووش خاوەنی مژدەی خۆشم
یادەکەت گوڵ دەچنێ بۆ جێژن
شان و جامانە خەمان دەنێژن
چەمی تۆڵە و بەحری قین هەستاوە
کۆنە دیواری یەئس رووخاوە
هەستەوە پێشکەوە وا دێ شادی
دەگرین دەستی پەری ئازادی .



٢٥ی جوولای ٢٠١٨

---

## کوردایەتیمان شانازییە



ئەوەی ڕاستی بێ زیاتر هەوڵدەدەم بیر و مەبەستەکانم لە توێی شێعر و پەخشاندا دەرببڕم ، بەڵام هەندێک جار مەبەستەکە پێویست دەنوێنێ وتاری لەسەر بنووسرێ و خۆی لێنابوورێم، وەک ئەمجارە.

لەوکاتەوەی ڕۆڵەی کورد "کۆچەر بیرکار" خەڵاتەکەی وەرگرتووە و ئەرک وەخۆگرانە و کوردانە کوردایەتی خۆی سەلماندووە، فارسە شۆڤینیستەکان کێچیان دەکەوڵی کەوتووە و ئەوەی زاڵمانە بۆخۆیانی بە ڕەوا دەزانن دەیلێن و کاوێژی دەکەنەوە. لەو پەیوەندییەدا دوو خاڵ بە پێویست دەزانم باسیان بکەم.

یەکەم: بە داهێنانی بە جیهانی بوون بیری نەتەوایەتی بە دواکەوتوویی و تەنانەت بیر ی شۆڤینیستیش دادەنرێت و بەداخەوە لەنێو کوردانیشدا ئەوانەی ڕووناکبیرن یان خۆیان بە ڕووناکبیر دەزانن ئەوە بۆتە باو و لەبارەیەوە دەنووسن و دەیانهەوێ بارودۆخێک بخووڵقێنن کە کورد پێی شەرم بێ بڵێ کوردم.

دابڕان لە جیهان هەڵەیە بەڵام هەرچی لە جیهان بەتایبەت جیهانی پێشکەوتوودا هاتە ئارا و پێمان وابێ دەبێ دەقاودەق لەسەر خۆمان وەک نەتەوەی کورد بیگونجێنین زۆر هەڵەتر و تەنانەت مەترسیداریشە. چونکە لەم حاڵەدا کە هێشتا نەتەوە دەیان ملیۆنییەکەمان بە ڕەسمی نەناسراوە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی هەر ئێستاش ناچارە قوربانی بدا، خۆمان وەک مریشکەکە خۆڵ بەسەر خۆماندا بکەین و حاشا لە کوردبوونمان بکەین هەتا بە دواکەوتوومان نەزانن.

خودا پێداو و لە خەمڕەخساوەکانی جیهان کە پێویستیان بە بیرکردنەوە لە هەستی نەتەوایەتیەوە نەماوە و کەلتوور و مێژوو و بە گشتی ناسنامەی خۆیان کۆکردۆتەوە و لە ئارشیودا وەک چاو پاراستوویانن و خاکی سەربەخۆی خۆیان هەیە لە هاتن و هێنانی ئەو جۆرە بیر و هزرانە ناترسێن و لێشی نیگەران نین، بەو حاڵەشەوە کامە نەتەوەیان کە لە هەموو نەتەوەکان پێشکەوتووترە، کەمترین بێ مەیلی و بێدیقەتی و بێ حورمەتی بە هەستی نەتەوایەتیان بکرێ وەک کێچ هەڵدەبەزنەوە و دژکردەوە نیشان دەدەن. ڕووناکبیرە بەداخەوە ڕەشبینەکەی ئێمەش بە مەبەست یان بێ مەبەست هەوڵدەدا وامان لێبێ وەک فارسە شۆڤێنیستەکان کە دان بە نەتەوەبوونمان دانانێن ، خۆشمان ئۆباڵیان بۆ لەمل دەین.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە هەل و مەرجی ئێستا کە کورد بە قۆناخێکی ناسک و چارەنووسدا تێدەپەڕێ، هاودەنگی و یەکریزییمان پێویستتر لە هەموو کاتێک خۆی دەنوێنێ و بیری نەتەوایەتی یان کوردایەتیمان ئەو ئەسڵە گرینگەیە کە هەموومان،هەرچی حیزب و لایەنی نیشتمانی و رزگاریی خوازی کوردە، لە دەوری کۆ بینەوە و لادان لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان بە خەتی سوور بزانین.

بۆیە بیری ناسیۆنالیستی یان بە وتەیەکی دی نەتەوایەتی نەک هەر دواکەوتووانە نیە، بەڵکوو بۆ ئێمەی کوردی حاشا لێکراو پیرۆزیشە.

دووهەم: دەستەواژەیەک هەیە کە کردوویانەتە چەکێکی سەرکووت لە سەرمان، ئەویش تەجزیەتەلەبی و وەک خۆمان پێی دەڵێین جیاوازیی خوازییە.

ئەو دەستەواژەیە لە قوتووی عەتتاری سەردەمی پەهلەویی یەکەمەوە لە ئێران هاتۆتە دەر و نەتەوەغەیرە فارسەکانی نیشتەجێی ئێران هەرکە داوای مافەرەواکانیان کرد ئەوە ئەو چەکەژەنگاویەیان لە سەر سوار دەکەن و، فارسە شۆڤێنیستەکان کە خۆیان بە ئاغا و سەروەری هەموو ئێرانییەکان دەزانن،بەناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئیران، هەوڵ دەدەن بیری هەموو ئێرانییەکانیان لە دژی بەهاروژێنن.

لە راستیدا سەربەخۆیخوازی یان ئەوەی کە شۆڤێنیستەکان ناویان ناوە تەجزیەتەلەبی، بە پێی یاسا

نێونەتەوەییەکان نەک تاوان نیە بەڵکوو مافێکی رەوای هەموو گەل و نەتەوەیەکە.

ئێمەی نەتەوەی کورد مافی خۆمانە لەسەر چارەنووسی خۆمان، خۆمان بریاربدەین. گومان لەوەشدا نیە کە یەکێک لە خوولیاکانی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر و ماف خواز پێکهاتنی کوردستانێکی سەربەخۆیە، ئەگەر ئێستاش وەک لە رابردوودا بووە پێشی وەدی هاتنی بگیرێ،لە داهاتوودا ئەو خوولیایە هەر وەدی دێ.

کە وابوو هیچ پێویست ناکا لەو چەکەژەنگاویە بپرینگێینەوە کە شۆڤێنیستەکان دایانهێناوە و لێیان هەڵگرتووین.

٧ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---

## کڕنۆش

لوتکە هەروا کڕنۆش دەباو
بۆ گەینتان بە ئەستێرە
خۆی دانوواند،
مردن دیسان چۆکی دادا
ئاخر ئێوەی هەناسەی کورد
پشتتان شکاند.



١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---

## وا بەهار هات



دوای تەمەنێک بزر بوونی خەونەکانم
لە لێواری زرێباری دڵ لە کوڵدا
لە سەر زەوی خەمڵیو بە روندەکی چاوم
بەر لە نەورۆز گەزیزەکەم سەری دەرهات،
لە هەڵگورد و لە کێلەشین چەپکە گوڵی گڕ پشکووتن
لە ئامێزی دایەخاکداسینەی شەهید دەهەژێن و
هەستی تۆڵە و ڕقی پیرۆز وەسەر کەوتوون،
بوون بە گرمەی هەورە گرمە
بوون بە خوڕەی لێزمە باران
بوون بە تین و تاوی هەتاو
بوون بە روونی دڵی یاران.
زستان ڕۆیی، کۆتایی هات
وا بەهاری کورد وەدی هات.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

# هێڵی سوور



ئاوری ئەنفالیان تێبەردام نەتوامەوە.
بە بۆمبا و تۆپ ژێر پێ و دەور و بەریان کێڵام، کەوتم بەڵام هەستامەوە،
ریشەم هەر ما.
بە مشار و تەوری ستەم جەستەیان قەڵت و بڕ کردم، زیندوو مام و هەر نەمردم.
ژاریان کردە قورگ و سینەم بای باوەڕم بوو بە هەتوان.
لێرە و لەوێ هەر جار لایە لە جگەرمیان بە تیخی ژەنگاوی تێرۆر لێکردەوە، بە تیر چڵکنی نیفاق زامیان خستە دڵم، بەڵام خوێنی گەرم و ئاڵم لە گەڕانی هەرنەکەوت.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە، هەر گەڕاوە و هەر دەگەڕێ، هەر لە کوڵە و هەر دەکوڵێ.
بۆتە سام و دڵی پیسی بەدخوازانی کوردستانی داگرتوە،بۆتە گڕ و بەر بۆتە گیانی ئەوانەی کورد قرانیان لە بیر دایە، بۆتە هەستی کوردایەتی و تا هەتایە لە بن تایە.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە، وشەی ئاڵی مێژووی دوور و بەڵگەی روونی رەوا بوونی راپەڕین و یاقوتی تاجی سەربەرزی و بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان هێڵی سوورە.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە لە تاریکی شەوی کوردا مەکۆی نوورە.

٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٨

## با

کاتی تۆپینیەتی جا ترسێ بە تۆپان دەردەکا

تۆز و بۆن و دووکەڵێ بەو لێرەوورە وەر دەکا

چل شەوەی چوو تازە مانی ناکرێ،دوا "با"یەتی

ژانە ئۆقرەی لێ بڕیوە و ئەم بەر و ئەو بەر دەکا.



٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

هەناسەتان بە تین دەکا

هەژانی سینگی کوردستان

بۆ هەستانی گەردەلوول و

راماڵینی شەوپەرستان.



٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## گوڵی دڵ



ڕێگا ڕوونە
دوو ئەسبی تۆڕی یاڵ خوێنین
دەحیلێنن،
دوو گرکانی پەنگ خواردوونە
بەر لە هەستان
ناخی ڕەشی تاریکستان دەلەرزێنن،
گالیسکەیەک رادەکێشن
پڕ لە گوڵی سووری دڵی دەسچنکراو
بەرەو هەناو
بەرەو هەرمان
بەرەو هەتاو،
نەک هەتاوی ئەسیری شەو.
شەو دەبەزی بە وزەی بێداران
گوڵی سوور بوونە دڵی دڵداران.

١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

با شەمەکان بکوژێننەوە

با پۆلاکان بتوێننەوە

با بالاکان درووێنە کەن

با ئالاکان بدڕێنن

خێلی تاوان چیان لە دەست دێ دەبا بیکەن

سڕکەن

شڕکەن

قڕکەن

بادەی جینایەتان فڕ کەن

نەوی نابێ لوتکەی کوێستان

نە کورد دەمری نە کوردستان




١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## تاران لەرزی



خۆم وحیزب و نەتەوەکەم بە دامان و رامان و وەستان رانەهاتووین، نا. فێر نەبووین بە بەزین و بە بێکامی لە ئەسبی شۆڕش دابەزین.ڕێبەران دەرسیان نەداوین بشکێین بە خەم، چاولێڵ کەین بە شین، سەرنەوی کەین، قوڕ

بپێوین.

کەمتیاری مێژەربەسەر! هەر نەتزانی هەناوی کوێستانم گڕە و تا چنگی پیسی لێ گیرکەی، نەک هەر چنگت، مێشکەکەشت دەسووتێنێ؟

هەر نەتزانی رقی گەلم گڕکانێکی پەنگ خواردوویە و بی هەژێنی نەک هەر جەستەت، تارانیشت دەلەرزێنێ؟
هەر دۆینێ بوو سەرپێڵ و کرماشانەکەم بە تف سواخی تەویڵتیان دا.

هەر دۆینێ بوو پاوە و سەقز و سنەی سەربەرزم لمبۆزە خوێناویکەتیان لە قوڕ وەردا.
هەر دۆینێ بوو مەریوان و بانەی ئازام پەچەی نەنگ و شووم و رەشیان بە رووت دادا.

تۆ دڕندەی جبەلەبەر! هەر نەتزانی خۆ دۆینێ بوو مەهاباد و شنۆی رەندم بە بێدەنگی رووحیان بردی و خۆڵەمێشی خەمەکانیان رژاندە سەر.

هەر نەتزانی؟ دەبزانە خانێ و سەردەشتی ڕەنگینم پۆلووی رقی کوردایەتیان بە بای تۆڵە گەشایەوە، نەتزایوە؟
دە بزانە بێدەنگیی کوردستانەکەم بوو بە ئاڵا و لە گشت جیهان شەکایەوە.
سووتاندمت، لە دارت دام،بە مووشەک و تۆپ و بۆمبا دڵت کێڵام، تێرۆرت کردم،بە خەردەل و ژار و دووکەڵ قڕت کردم، وەک کوێر بووی کوێرتر بە جەلاد ئەوەتا هەم هەر نەمردم. نانا نامرم ئەمن کوردم.

١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# گوڵم

پولە هەنگی خۆشەویستییت
هاتە سەر گوڵی دڵم
چی شیرە بوو هەمووی کێشا.
نازانم...نا
بردی و کردی بە کامی کامە سوڵتانێ.
ئێستا گوڵم!
دڵم گڕووی گرتوە و دەڵێ:
ئەو شیرەیەم دەوێتەوە،
بۆم ناحەجمێ
بۆم ناسرەوێ
بۆتە گڕ و مافی دەوێ.
من سوڵتانی نێو تەلار و
مردووی زۆر و تەختی شا نیم،
شیرەی دەماری خۆم بەسە
هی کەسی دیم پێناکەوێ.
بەڵێ پێشمەرگەیە گوڵم،
بەڵێ کوردستانە دڵم.

٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سۆزی باران



هەتاو سوور وخەزان سوور،شەممە سوورە
وڵاتی ژان و حەسەرت بێ سنوورە
لە شەوقی وەسڵی دەریای شینی هەر مان
هەناوی نۆزدە رووبار پڕ لە نوورە
لە دەوری مۆمی هیوای هاتی ئاوات
حەز و عیشقی پەپوولانە سەری هات
نەوەستان و نەحەجمین تا گڕیان گرت
گڕەو بۆ تۆڵە بۆ ناخی شەو ئەڕوات
گوڕەی بێدەنگی وەک هەوری بەهاران
دەگرمێنێ بە ریتمی سۆزی باران
بەهار دێنێ و دەبخشێ تا ئەبەد یاد
بە باڵای گڕ پڕژێنی پۆلی یاران

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## حوکمی دڵ

بەڵێ روونە،
بە سێحری بای هەناسەم
گەڵای زەردی پەڕەی گوێت دێتە لەرزە.



هەوای ماچێ لە گەرنی وەک بلوورت

بە حوکمی لێبڕاوی حاکمی دڵ

دەپشکوێنێ گوڵی بەختم،

دەنیشێ ...

پەپوولەی لێو لە سەر ئەو کێلە بەرزە.

لە مێخەکبەندی هۆنراوەی حەزانت

حەزی بۆنی بەهاران دێنمە سینە

دەحەجمێ بازی چاوی جوانپەرەستم

لە نێو چاوت،

لە نێو...

ئەفسوونی ئەو ئاسمانە شینە.

بە بای دەسپێرم هەرچی تەم لە ژینە

کە بینیم پەرچەمی زوولفت شەکاوە

خەزان بێ

با بەخێر بێ چوونکە ئیدی ...

گەڵای زەردم لە با

ترسی نەماوە.

١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---

هاها خۆرهات

پەردەی شەوی رەش دەدڕێ


بۆیە چل گەڕ

بە گەڕ زەماوەند دەگەڕێ...

١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---

## قەرار



خۆ لە باڵای ئاڵ و واڵای بەرهەمت
دیار بوو
هەناوت پڕ گڕە و
بۆ وڵاتی پڕ گوڵاڵە و
پڕ لە ناڵە دڵ بەسۆی
بۆچی؟ بۆ بۆ؟
کەی قەرار بوو بێقەرار بی و زوو بڕۆی؟

١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---

## جگەر



لەت و قاش قاشە جگەر بۆیە شەوێ
دایە ناتوانێ بۆ تاوێ بخەوێ
پەتی سێدارە وەکوو زاری گورگ

هەر دەمەو گەردنی کوردێکی دەوێ

١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## بای شادی



بەیانە و چاوەڕێی هاتی هەتاوم
دەڵێی بەندیم لە بەند رزگارکراوم
خەیاڵی چوونەوەی کۆنە هەواران
بە هێزی کردوە بینینی چاوم
پەری هیوا لەبن گوێمدا دەخوێنێ
کە هۆندراوە کەزیی ئەگریجە خاوم
لە دەوری پەرچەمی سەر یاڵی ئاڵم
لە کۆ دانە هەموو تاری بڵاوم
دەبێ سارێژ بە پەنجەی چاوەڕێکەم
هەموو زامی بە سوێی جەرگی بڕاوم
دەڕوا هەور و تەم و خۆڵ و تەپ و تۆز
بە بای شادی لە رووی ئاسمانی ساوم
ئەگەرچی زۆر بوو زۆریی دژ لە رێگا
لە هەستم کەم نەبووە،عاشقانە ماوم

٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر بۆ مام ئەنوەری مامۆستام ئەو چەند دێڕەم نووسی و ئەمڕۆ کە بیستم ئەو شاعیرە گەورەیەی کوردمان بەرەو هەرمان لە شەقەی باڵی دا و فڕی، هاتەوە بیرم و نووسیمەوە.

کۆچت گرانە مامە گیان، بەڵام یادت هەتا هەتایە لەنێو دڵی گەلەکەتدا کە تا دوا هەناسەی ژیانت پێی وەفادار مای هەر دەمێنێ.

## باکی پیری



کاتێ چاویلکەی لە سەر چاوی رەشی دانا بە تاو
کاتێ چاوی پڕ گومانی سێرە دەگرێ وەک لە ڕاو
کاتێ پێنووس رەشی رەشتر لە رۆژی نادیار
رەش دەکا لاپەڕ لە یادی خاک و ماڵ و کۆنە یار
کاتێ دەیبینم بە چاوم ئەوخەباتەی سەرسەری
گۆڕەپانی هێرشی چینی سپی رەش لابەری
باکی پیری دێتە بیرم ، رۆژگار بۆ کوێم دەبا
تۆ بڵێی دامنێ لە شوێنێ، یان خووڵانم پێبدا.

٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# باوەڕ

هەیبەت و ناوی بەرز و گەورەیە
هەتا ئەو هەبێ کوردستان هەیە
گیانبازی ڕێگەی عیشق و ئازادی
لوتکەی کوێستانە ئەو پێشمەرگەیە
"زێ" پێی دەنازێ، "سیروان"ە بیری
تیریژی رۆژە تیشکی شمشێری
سامی سەر دڵی بەدخوازی کوردە
ئەو پێشمەرگەیە دژ بە ئەسیری

١٦ای دێسەمبەری ٢٠١٨

## یەلدا

چ شەوێکی دوور و درێژ، هەر دەڵێی ژینی پڕ ژانی کوردە.


ئاسمانێکی بەرینی رەشی پڕ لە ئەستێرەی قەلا و قەرەسەقەڵ،نوور پژێن لە تیشکی چاوی پێشمەرکە.

یەلدا

شەوی شەلاڵی کارەسات،خاوەن هێزی رەش و تاریک،تاریک وەک بیری شەوەی شادی رفێن.

یەلدا

پێشەنگی زستانی سڕ و ساردی سرووشت،بەلام بێ هێز لە بەرانبەر هەڵهاتنی خۆر و شەماڵی هیوا و بەهاری دڵ.



کە شەو شکا

شەو درێژ بوو

شەم ماندوو بوو

شادی لە نێو رکەی خەمدا

لەشی سڕ بوو

دڵی پڕ بوو

هیوا لە سوبی سەید رەزا و سەیدی پیران

لە تاو شەهید بوونی سمکۆ

سەر دڵ خڕ بوو

شەو شەوی ژیانی کوردان بوو

نەدەبڕاوە

لە سامی تاریکی شەوێ

سوپای رۆژێ

نەرم نەرم دەکشایەوە.

لە داخی شەو ژین ژانی گرت

پڕ بە کوێستان زریکاندی

شەوی بەسام کەوتە لەرین

هێدی هێدی بە چۆکدا هات

لە رۆژهەڵات

رۆژێکی نوێ بۆ کورد هەڵهات.

٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

---

## کوڵی شێعر



خۆش بوو خۆش، دەتگووت هەموو بەیانییان بەر لەوەی گزینگی خۆر لە پەنجەرەوە بێتە ژوورەکەم، جریوەی باڵندەیەکی دڵ پڕ عیشقی بەهار و ئازادی کە بزەی گەرمی لێو و ورشەی تاریکی شکێنی چاوە جوانەکانت بوون، لە خەوم هەڵدەستێنن.

بەڵام دەرکەوت خەونێک بووە کە دیتوومە و مێخەکبەندی خەیاڵێک بووە هۆنیومەتەوە و هیچی دی.

باڵندەی هیوام فڕی و بێ جریوە مام، نە بزە ما و نە ورشەی چاوی شین و جوان.

ئەوەی ما خەرمانی یادێک و کۆمەڵێک گەڵای زەردی وەریوی دەستی خەزان،شەوانە بە دەم کوڵی گریانی شێعر دەیانلاوێنمەوە تا بەڵکوو ئەوجار خەون و خەیاڵ بەر چاوی راستییەکان نەگرن.

٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# ٢٠١٧




## من کۆمارم

لە بیرتانە ! ئەو رۆژەی کە لە دایک بووم... چۆن خەم سەری گرتە خم و لە سوچێکی تاریک وەکوو بیری دوژمن پاڵی داوە...

لە بیرتانە ! بزەی هیوام بوو بە غونچەی دەمی قازی و نەک بە هەتاو ، بە هەناسەی ساردی بەفر کرایەوە و بۆنی ژینی بە سەر کوردستاندا پژاند...

لە بیرتانە! ترپەی دڵم بوو هەوا و ریتمی چەپی و کوڕ و کاڵی خستە خۆشی و گەڕی شایی پێ گەرم بوو...

لە بیرتانە ! گروگاڵم لە شەودا بوو بە ئەستێرە و گرشەی دایە گولئەستێرە و بیر و چاوی بێدارانی روون و گەش کرد...

لە بیرتانە ! دارە دارەم گوری دەدا بە هەنگاوی رێبواری رێی قافی دەستکرد، چیها رێبوار وەرێ کەوتن...
چیها قەڵەم وەگەڕ کەوتن...
لە بیرتانە و لە بیرتان بێ !
من کۆمارم، "شەهیدی دەستی زۆردارم"
هەر کە پێم گرت پێیان گرتم .چاوەڕێی هیمەتی ئێوەم پێم کەنەوە ... ژینی لە نوێم پێدەنەوە.
رۆژی حەشر و قیامەتم هەستانی یەکدەستەتانە .
لە بیرتانە ؟ لە بیرتان بێ.

١٤ی جانیوێری ٢٠١٧

---

## وا بەهار هات



زستانی پیر
هیچ دەزانی بە قەد داوی ریشی چەرمووت
بە سەر کورددا
ژان و خەم و دەرد و تەم و بەند و مەرگت باراندوە؟
سوپاسی جەوری هەرەسانت
رەزی بناری کوێستانی کوردستانیان لە ریشەوە دەرهێناوە و
بە هەزاران کوپە شەڕابی یاقووتیان
لە نێو هۆدەی رەزەوانی رەنج لە شاندا شکاندوە؟

شەپیووڕی شەڕی باکوتەت
خۆفی خستۆتە نێو دڵی منداڵە ڕەنگ زەردەکان و
شەختەی بەکرە شووم و دڕت
لزگەی گەردنی زینانی مەم لە دەست چوویان پساندوە.
چنگی تیژی شێخەسەهۆڵی بەندێنت
دڵی دایکە مەزنەکانی هەڵکۆڵیوە،
هەر بە تەزووی قەمچی سڕت
گوڵی سووری گۆنای کچان هەڵوەریوە.
بەڵام زستان
زستانی پیر
ژین و کێوی کورد هەرمان و
هەرمانی تۆ هەرچەند درەنگ
کۆتایی هات.
دوای تەمەنێک بزر بوونی خەونەکانم
لە لێواری زرێباری دڵ لە کوڵدا
لە سەر زەوی خەملێو بە روندەکی چاوم
بەر لە نەورۆز گەزیزەکەم سەری دەرهات،
لە هەڵگورد و لە کێلەشین چەپکە گوڵی گڕ پشکووتن
لە ئامێزی دایەخاکداسینەی شەهید دەهەژێن و
هەستی تۆڵە و ڕقی پیرۆز وەسەر کەوتوون،
بوون بە گرمەی هەورە گرمە
بوون بە خوڕەی لێزمە باران
بوون بە تین و تاوی هەتاو
بوون بە روونی دڵی یاران.
زستان ڕۆیی، کۆتایی هات

وا بەهاری کورد وەدی هات.

٤ی رەشەمەی ٩٥

٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٧

---

## باڵای ئاڵام دیسان چاوی دوژمنی کوێر کرد.



باڵای ئاڵا

چاوتان کوێر بێ

باڵای ئاڵام چیای عومری نەتەوەمە و

بە هیچ هێزێکی دانایە

رووتان رەش بێ

ئاڵام باڵی سووری هەڵۆی پێشمەرگەیە

بە نزمایی قەت رانایە.

تیرێژی خۆری سەر ئاڵام

شەوی رەشی بیری کۆن و گەنیوتانی شەق کردووە

نووکی پەیکانی تیرەکی

کەڵپی خوێناوی دەمتانی لەق کردووە

سپیی رەنگی بۆتە سام و عومری گرتوون

سەوزی دەڵێ کوردم سوارە و

دژی کەوتوون.

چاوتان کوێر بێ

دە شەق بەرن
هاکا ئاڵام لە گشت جیهان شەکایەوەو
دڵنیا بن
بەرگەی بینیی ناگرن.

٢٨ی فێبریوێری ٢٠١٧

---


## کەهات....

دەمگوت پیر بووم رۆیی ژیانم
کەمی ماوە ماوەی مانم
بێکەس و دوور لە یارانم
کەهات و بوو بە میوانم
بە نازی سەدهەزار تەرزی
بە تاسە و ئارەزووی بەرزی
دڵم وەک گوارەکەی لەرزی
وتی بۆ تۆ دڵ و گیانم
بە ئاهی سارد دڵم سڕ بوو
لە هاوارم جیهان پڕ بوو
مەلی هیوا هەمووی قڕ بوو
کە چوو وەک خەو لە چاوانم



٢١ی ئەپریلی ٢٠١٧

## مەحشەر



لە ژاکان رەخساوم دڵم،تۆ خواکەی بەس بمژاکێنە.

ژاکاو بووم و لە حسرەت سەوزایی بەهاری خێرا تێپەریوی رابردوو، شان بە شانی گەڵا ئاڵتوونییەکانی پاییزلە سەرشانی دێراوێکی دڵ پر لە حەزی باران راکشابووم و بەرانبەر بە تیشکی هەتاو نزام بۆ روودانی مۆعجیزە دەکرد.

مۆعجیزە بوو هاتنەکەت، قیامەت بوو هەستامەوە و لە سەحرای مەحشەر سێوە سوورەکەی دڵمت وەرگرت و بەرەو بەهەشتی تەژی لە عیشق و خۆشی رووحکێشت کردم.

گیانت وەبەرنامەوە و رووحت وەرگرتووم...

ئای چەندە بێ نازە رووحم.

تۆ خواکەی بەس بمژاکێنە،بەهەشتەکەم با وەدی بێ و لێم مەکە بە تراویلکە.

٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

# بەڵێ

بەڵێ بەڵێ دەڵێم بەڵێ ،بە ئاواتی شێخی پیران، بە ئامانجی مەلیک مەحموود، بە دوا وەسێتی پێشەوا، بە سۆز و عەهدی بارزانی و بە خەونە مەزنەکەی خانی.

بەڵێ بەڵێ دەڵێم بەڵێ بۆ هەموو ئەو ویست و هەستانەی لە ژێر لمی سارایە بە کۆمەڵ و دەستە دەستە کەوتنە بەر دەمی حەزیایە. بەڵێ بەڵێ دەڵێم بەڵێ بەویستی نرکەی پشتی باوک و قرچەی جەرگی دایک و ناڵەی قورگی ئەو منداڵەی لە سامگاکەی "نوگرە سەلمان"گەینە کەشکەلانی فەلەک بەڵام لە سەر سینەی زەوی کەسێ نەیبیست.

دەڵێم بەڵێ بەهاواری ناخ هەژێنی کیژ و کوڕی تامەزرۆی تۆزقاڵێ نوور کە لە نێو بەندی" ئەمنە سوورەکە"دا گوڵی جەستە و حەز و رووحیان بێرووحمانە پەڕپەڕکرا.دەڵێم بەڵێ بە دوا نووزەی دەمی شین و پڕ لە کەفی شاری بەبرینی "هەڵەبجە"،بە چاوانی چاولەرێگەی مەڵبەندە بێقەرارەکەی "بارزان"، بە دوا تروسکەی چاوی کانی زوڵاڵی قەدپاڵان،بە نزای ژانی سووتانی رەز و گوڵە گەنم بە شیوەنی تۆڵەخوازی هەنارستان، بە سەر بەخۆیی کوردستان.

بەڵێ بەڵێ دەڵێم بەڵێ کوردم و هەم،خاوەن مێژووی دوور و سوور و تاڵ و شیرن و پڕسەروەریی و پڕ حەماسەم، خاوەن خاکی کوردستانم پاراستوومە وەک هەناسەم.

پڕ بە جیهان هاوار دەکەم، گوێی کەشکەڵانیش پڕ دەکەم دەڵێم بەڵێ کوردم سەربەخۆییم دەوێ.

١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٧

# تیخێ حەق

باوەڕم کێوێکی بەرزە
بەرز بە قەت بەژن و باڵای کوردستانم
بە بەرزایی پیرۆزترین خەونەکانم،
شارێیەکی لە دەوری داو بەرەو لوتکە هەڵکشاوە
بێوەی جارێک پسابێت ودرزی دابێ
حەفتا و دوو دەوری لێداوە.



دەورەکانی بە بریسکەی فرمێسکی بەر خۆرە تاوی سەر گوڵاڵان
بە جریوەی چاوی سێرەی دەرزی هەڵگر
بە تریفەی مانگی خامەو سینەی سەمای لاپەڕەکان
رازاوەیە و مەکۆی نوورە
هەر دەورەیەی تاجی فەخری
تەخت پڕ یاقووتی سوورە.
لە دەوری کێوی باوەڕم شارێیەکە وحەفتا و دوو دەوری لێداوە
هەردورەیەی بە دار بەڕوو چڕ و پڕە
هەر دەورەیەی
تیخی حەقی حاشا برە
هەر دەورەیەی
لە نێو پووشی گیانی دوژمن ئاور و گڕە.
دوا ئامانجی دەوری دەور
لوتکە دە باوەش گرتنە
لوتکە بووکە و گوێی لە قاقای لوولەی چەک و
گوڕەی شارە

گوێی لە دەنگی زەنگی کاروانی سەروەری و
بانگ و مژدەی جڵەوداره.

٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

## سڵاو سنه.



هەناسەتان بە تین دەکا
هەژانی سینگی کوردستان
بۆ هەستانی گەردەلوول و
رامالێینی شەوپەرستان.

١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

نەک دوای دەساڵ هەتا هەرمان لە دڵماندای

## شەفەق



هەتا لە نێو سینەی یاران

ئاسکە دڵی ئاشق و شەیدا

بەرەو ژوانی کوڕە شوانەکەی "ئاربەبا"

لە رێ دابێ و

حەز و خەوی رەنگ و رووناکیی شەفەق بێ

تۆ دەمێنی.

تۆ دڵی ئاسکە دڵی گشت یارانی

تۆ هێنەری مژدەی هاتی بەهارانێ

١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## تاوان

وەک خەوێکی خۆش و ئارام
بووی بە ئارامی دڵم
چ مەند بوو دەریای دڵم بە هەبوونت
گوڵم؟
هەناوم فێنک لە کانی سۆزت بوو
چاوی شینم بۆ شین دەیڕوانییە ئەستێرە
گرشەی ئەستێرە هەر شەوێک
هێمای بزەی پیرۆزت بوو.
شەکاوە پەرچەمی خۆزگە بە شنەشنی پەیامۆکت
بەڵا دوور سارا!
خەم خەفەت بوو لە نێو زەلکاو
وەکوو تیمساح
جەلاد بوو جەلاد گرتی بەرۆکت.
چ بێڕەحمانە زەمان
شەستە بارانی دریغ کردوە لە ژین
ئەوین نامۆیە بە دڵ
دڵ بەتاڵە لە سۆز
سۆز تۆزی بەرپێی دەهۆیە سارا.
شێخ نەماوە و
دەروێش زکری لە دەوری تەرمی بێ گیانە،
گیانە!
تریفەی مانگ دیلی دەستی بەدشوومییە



چ بەد شوومە ئەم سەردەمە.

چ بەسامە ئەو هەمووە گزە و گەمە...

پەرێشانە شێعر سارا

وەک خەیاڵی بێ تاوانی روو لە کوژران

وەکوو قژی بووکی بێ کام

وەک هەموو ئەو گوڵانەی لە نێو خاکی بێ ئاو نێژران.

پەرێشانە شێعر گوڵم

وەکوو بیری دیلی ژیان

وەکوو ریزی رێبوارانی رێگەی بەیان.

زەمان خەوی لێ تۆراندووم

سنوور گرتی بەری خۆری هاتی حەزم

گڕەی گەرمیانی خەفەت

گرتی بەری باری رەزم،

ئیدی شەراب چۆن پێدەگا؟

چی مەستی کا وەکوو چاوت؟

چۆن بە مەستی بێنم ناوت؟

باری تاوانی ناو هێنان

قورسە وەکوو ئاواتی کورد،

وەک بڕانی سەری بەرزی سەربەستیخواز.

تاوانێکی پیرۆز...سارا!

چۆن رەها ببین گوڵم لەو تەلەسمە؟

تەلەسمێکی چ سامناکە

کێوی قاف هەر ئامانجێکە و

چیها رێیان بۆ کردوە!

تیشکی هەتاو وەک یەکن و لەیەک نامۆ

چیها سەر و دڵی تریان شێواندوە،
چ شێواوە دڵم... گوڵم!
خێوی شەو نەشەی کردوون پەرییەکانم
کۆتری باڵ و پەڕ کراون
هەڵکوورماون لە کەلاوان
لە سیمۆرغی روو لە قافێ هەڵبڕاون،
بێ هەست ماون.
گوڵ سیسکەران
شەستپەڕ دەپشکوێنن لە سەر سینەی کەژان
دەیبەن دەیدەن لە بەرۆکی خێوی شەو و
هەموو ئەو حەیایانەی بە خوڕ رژان.
دراو بۆتە پشت و بۆتە برا
درۆ بۆتە پەیژە هەتا تاقی ئاسمان
ئای راستی چ زەلیلە
چ زەلیلە راستیوێژی رێگەی ژیان!!
گوڵم، سارا
حەزی هەر قەترە بارانێک
ئامێزی شینی دەریایە
رووبار یەکگرتنی قەترەیە
هەر رووبارە وەدی هێنی ئەو هیوایە.
سەیرە دڵم!
قەترە هەموو نامۆن لە یەک
بەر زریانی پەرێشانین
بۆیە پەرێشانە شێعر
بۆیە زاڵە خێوی شەو و

بۆیە کۆترە نەشەبووەکان پەشیمان نین

بۆیە ناو هێنان تاوانە

بۆیە پەیژەی درۆ بەرزە

بۆیە دەهۆ و گزە فەڕزە.

گوڵم سارا

بۆیە تۆش هەر بوویە خەونم

خەونم بووی و زاڵم بردی.

چ زاڵمن

خەون!

تۆشیان پێ تاونە،

کوردی.

پووشپەڕی ١٣٨٩

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## تۆپ



زۆر شکوور هەستاوە بەختم تازە وەستانی نیە

دڵ دەکا شادی و بەزم ساتێ هەدادانی نیە

دوژمنم پشکۆی رقی کەوتۆتە نێو سینگ و دەمی

هەر دەشیرێنێ و دەسووتێ سەبر و حەجمانی نیە

گرتی کوشتی، بردی خواردی چی نەما نەیکا لە رووم

سەیرە بەو حاڵەش گوتیان کورد مافی دەنگدانی نیە
دەنگی بەرزم بوو بە تۆپ لەرزاندی گەردوونی چەوت
سەر بەخۆییم هەر دەوێ و هەر گیز پەشیمانی نیە.

٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## سەفەرت خێر



پیرە بازەکەی تیژ چاوی کوێستان
مامەی بێقەرار، دوژمنی وەستان
دوا سەفەرت خێر بەرەو هەرمانت
بۆ لوتکەی سووری مێژووی کوردانت
بۆلای بارزانی پەنای دێرینت
بۆلای قاسملووی دڵ پڕ برینت
بۆ نێو باوەشی "نەوە"ی نەوەستاو
لای شەرەفکەندی بیر وەک خۆرەتاو

دیارییت مزگێنی بەیانی روونە
دیارییت مزگێنی سەر بەخۆ بوونە
پیرە بازەکەی تیژ چاوی کوێستان
پەیامدارەکەی خاکی کوردستان
شەقەی شابالّت دژ دەشێوێنی
حەبسی ئیمرالی هەڵدەتکێنێ
باوەشێن دەکا پشکۆی کوبانێ
مامە گیان ئەوجار گۆچانت دانێ
هاتۆتە بەرهەم رەنج و خەباتت
وا سەربەخۆیە گەل و وڵاتت.

٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## هێلی سوور



ئاوری ئەنفالیان تێبەردام نەتوامەوە.

بە بۆمبا و تۆپ ژێر پێ و دەور و بەریان کێلّام، کەوتم بەلّام هەستامەوە،

ریشەم هەر ما.

بە مشار و تەوری ستەم جەستەیان قەڵت و بڕ کردم، زیندوو مام و هەر نەمردم.

ژاریان کردە قورگ و سینەم بای باوەڕم بوو بە هەتوان.

لێرە و لەوێ هەر جار لایە لە جگەرمیان بە تیخی ژەنگاوی تێرۆر لێکردەوە، بە تیر چڵکنی نیفاق زامیان خستە دڵم، بەڵام خوێنی گەرم و ئاڵم لە گەڕانی هەرنەکەوت.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە، هەر گەڕاوە و هەر دەگەڕێ، هەر لە کوڵە و هەر دەکوڵێ.

بۆتە سام و دڵی پیسی بەدخوازانی کوردستانی داگرتوە،بۆتە گڕ و بەر بۆتە گیانی ئەوانەی کورد قرانیان لە بیر دایە، بۆتە هەستی کوردایەتی و تا هەتایە لە بن نایە.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە، وشەی ئاڵی مێژووی دوور و بەڵگەی روونی رەوا بوونی ڕاپەڕین و یاقوتی تاجی سەربەرزی و بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان هێڵی سوورە.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە لە تاریکی شەوی کوردا مەکۆی نوورە.

٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

بەری ئاوی کانیاوتان گرت

لافاو هەستا

شنەی باتان دروێنە کرد

گەردەلوولێ سەری هەلدا

قورتان بە سەر

هەر بکوژن

خوێن بمژن

ببنە کرمی رەگی رەزم

ئەگەر کوێر نین سەیرم بکەن



نەبەزیوم و

قەت نابەزم.

١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---



لە گەڵ لەرزی سەرما و تەزووی ئەم دەڤەرە، لە گەڵ ئاهی ساردی نێو سینەی کەیلی مەیلی دیتنەوەی نیشتمانی گڕ، لە گەڵ لەرینی پەنجەکان لە کاتی نووسینی وشەی دابڕان، ئەمن ئەی دایەو بابە و خوشک و برای دڵ سووتاو و جەرگبڕاو و ناخ هەڵقرچاوی دەستی لەرزەی بەزەیی بڕاوی زەوی،دێی و دەخزێنە نێو بیرم.

بیرتان دەکەم کە ناڵەتان هەژێنەری رووح و هەستە،بیرتان دەکەم کە فرمێسکی فەتیس ماوی چاوی کاڵتان چاوی لە دەست هەموومانە وەیانسرێ، بیرتان دەکەم، ئەگەر نەیکەم شێعر و ئیلهام دەبێ بمرێ.

زەوی لەرزی و خەزانی دا لە نێو بزەی دریشت و ورد، بەڵام کورد ما و هەر دەمێنێ، هەر وەک نەمرد.

٩ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

### بۆ "ئارسان"ی گرشەی ئەستێرە

## نێرگز





کەوتین بەڵام هەستاینەوە
بە نووری خۆری یادی یار
وەکوو پشکۆ
وەکوو دڵی بەکام گەیو
وەکوو نێرگز گەشاینەوە.

١٦ای دێسەمبەری ٢٠١٧

---

## کە شەو شکا



شەو درێژ بوو
شەم ماندوو بوو
شادی لە نێو رکەی خەمدا
لەشی سڕ بوو
دڵی پڕ بوو
هیوا لە سویی سەید رەزا و سەیدی پیران
لە تاو شەهید بوونی سمکۆ
سەر دڵ خڕ بوو
شەو شەوی ژیانی کوردان بوو

نەدەبڕاوە

لە سامی تاریکی شەوێ

سوپای رۆژێ

نەرم نەرم دەکشایەوە.

لە داخی شەو ژین ژانی گرت

پڕ بە کوێستان زریکاندی

شەوی بەسام کەوتە لەرین

هێدی هێدی بە چۆکدا هات

لە رۆژهەڵات

رۆژێکی نوێ بۆ کورد هەڵهات.

١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

## وەسڵ



خەزان هات ونەهات شۆخی مەبەستم

دڵم هەرپڕ بەتاڵە جامی دەستم

هەناسەم سارد و سڕ گەرمە برینم

هەموو هیوام بە رۆژە شەو دەبینم

خەیاڵم شیرنە تاڵە خەمی بەش

تیرێژی هزر تیژە کولەخامەی رەش

گەیشتمە دوندی بەرزیی نزمی داهات

لەکەوڵی مەڕ گورگ بوولێم ببوو مات

لەری ئاسمان زەوی کەوتە دەسی زۆڵ
لە داخی سووک قورس بۆوە خەمی کۆڵ
بەڵام گەر رێ بە دڕکە گوڵ بە دەستم
لە هیجران دا وەسڵ تینە لە هەستم
بەڵێن بێ هەر بمێنم دانەمێنم
"مەم"م "زین"م لە بەکران هەر دەسێنم

٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

وا خەریکە تیشکی ڕۆژی خۆرهەڵاتم دێتە دەر
لادەچێ ڕۆژی ڕەشی مەش باغی هیوا دێتە بەر
هەر لە قەندیل ڕا هەتا بێستوون و شاهۆ و ئاگری
تاجی هەرمانی وەفای پێشمەرگەیان دەخرێتە سەر

٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---



قوڕتان بەسەر
هەتا پیسیی عەقڵ و بیرتان
لە بەر چاوی کوردبنوێنن،
هەتا بە کڵپەی گڵاوتان
تەرمە پیرۆزەکەی شەهید بشەمزێنن،
هەتادڕ بن

**هەتا لە داخی حەق پڕ بن**

**زیاتر هیوای مردنی خۆتان وەدی دێنن.**

**٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٧**

---

## تۆپ

**زۆر شکوور هەستاوە بەختم تازە وەستانی نیە**

**دڵ دەکا شادی و بەزم ساتێ هەدادانی نیە**

**دوژمنم پشکۆی رقی کەوتۆتە نێو سینگ و دەمی**


**هەر دەشیرێنێ و دەسووتێ سەبر و حەجمانی نیە**

**گرتی کوشتی، بردی خواردی چی نەما نەیکا لە رووم**

**سەیرە بەو حاڵەش گوتیان کورد مافی دەنگدانی نیە**

**دەنگی بەرزم بوو بە تۆپ لەرزاندی گەردوونی چەوت**

**سەر بەخۆییم هەر دەوێ و هەر گیز پەشیمانی نیە.**




**٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٧**

---

## ٢٠١٦

### مەستم

چ سێحرێکە کە دەتبینم دەوەستم
لە نووسینی هەموو هەست و مەبەستم
دەڵێن کێوی خەمان پڕ هێز و قورسە
بەوەڵڵا تۆم لە گەڵ بێ پێی دەوەستم
لە مەیخانەی نیگات تێر مەی کراوم
کەوا وەک کەو دەخوێنم،مەستی مەستم

٣ی جانێوێری ٢٠١٦

### بانگ

ئەوە چل ساڵە هەی رەبی فەنا بی
بە دەردێ موبتەلا بی بێ دەوا بی
شەپۆر و شین و ناڵینت نەوا بی
تەماتە هەر بمێنی و هەر ئەوا بی؟
نزیکە تۆپی عومرت بێ هەوا بی

لە پێ کەوتووی نەماوە لوورە لوورت
شکاوی مستی خەڵکە کەڵپی سوورت
نەما ترسی دڕییەتی بێ سنوورت
تەماتە هەر بمێنی و هەر ئەوا بی؟
نزیکە تۆپی عومرت بێ هەوا بی
چلەت چوو چاوەڕێی مەرگت ڕەوایە
هەتا نەمری رقم کۆتایی نایە
لە شاران بانگی ئازادی و هەرایە
تەماتە هەر بمێنی و هەر ئەوا بی؟
نزیکە تۆپی عومرت بێ هەوا بی

١١ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## هێز

لە ژوانگەی دڵ لە سەردەستان
چیا بەفر دەتەزێنێ
بە هێزی مانی مێلاقە و
هاتی بەهاری دوای زستان.

١٩ی جانێوێری ٢٠١٦

## یادت پیرۆز کۆمارەکەم

دووی ڕێبەندانە و حەفتا و سێهەمین ساڵوەگەری دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان،ئەو کۆمارەی بە تەمەنی یازدە مانگەیەوە بوو بە شانازیی نەتەوەی کورد و سەروک کۆمارەکەی بە تەمەنێکی کەمەوە بوو بە کاریزما.

پێشەوا قازی مەحمەد بەرەو پیلی دوژمن چوو و سەری بەرزی دانا بۆوەی خەڵکەکەی بپارێزرێ و دوای ئەو هەشبوون خەڵکەکەیان بەرەو پیلی دوژمن برد و سەریان پێدانان هەتا خۆیان بپارێزرێن .
بۆیە خەبات بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆمار هەر بەردەوامە و یادی سەرۆک کۆمارەکەشی لە نێو دڵی تاکەکانی نەتەوەی کوردا هەر بەرز و بەڕێزە.

یادت پیرۆز کۆمارەکەم.

٢١ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## دە

کامە خۆشی خۆشیی ماچی لێوی ئاڵی تۆی هەیە
ساقیا دەی بمدەیە هەم مەزەیە، هەم بادەیە
کۆڕی بەزم وچەهچەهە و ئاوازی خۆشخوێن با نەبێ
تینی هەستی پڕ خرۆشم وا مەکەی تۆ و وەی وەیە
بمدەیە لەو ماچە با سارێژ ببن زامانی کۆن
مەرهەمی وا کوا لە غوربەت،هەر لە زێدیشدا نیە



شێعری پاراوت دەوێ؟خۆ سەروەتی من هەر ئەوە
بمدەیە با بتدەمێ هەرچەند بەرانبەر سەد دەیە
چوار دەیە وێڵ بووم لە دوای ئازادیی ئازار چێشتووان
بۆیە فێر بووم نەسرەوم دەی ساقی ئەو مافەم دەیە.

٣١ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## کۆماری ئیسلامی لە رووخاندایە، با خۆمانی بۆ ئامادەکەین.



رەوتی رووداوەکان چ لە نێو خۆی ئێران و چ لەدەور و بەری و تەناتەت لە رادەی نێودەوڵەتیشدا وا نیشان دەدەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەو و نەمانە و چاوەروان دەکرێ بەزوویی لە کۆڵ خەڵکی ئێران بێتەوە بە زبڵدانی مێژوو بسپێردرێ.

چوار دەیە لە سەر دەسەڵات مانەوەی ئەو رێژیمە بەو ماهییەت و ئەو هەمووە زوڵم و جینایەتەوە کارێکی وای کردۆتە سەر هزر و بیری کۆمەڵانی خەڵکی وڵات کە سەرەرای هەست کردن بە هەموو ئەو رووداوانەی دەقەومێن هێشتا لە باوەر هێنان بە رووخانی ئەو رێژیمە دەشک و گومان دابن و وەک پێویستە خۆیان بۆ ئامادە نەکردوە،بە داخەوە ئەو گومانە هێز و لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیشی تا رادەیەک گرتۆتەوە و رۆژهەڵاتی کوردستانیش لێی بەدەر نیە.

ئەوەی راستی بێ چل ساڵ مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەر دەسەڵات هۆی زۆری هەبووە و لە هەمووانیش کاریگەرتر هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی دەوڵەتە بەرژەوەندیخوازەکانی رۆژئاوایی و زلهێزێکی وەک ئەمریکا بووە کە ئەوەندەی بۆیان لوابێ لە باری ئابوورییەوە کەلکیان لە بوونی ئەو رێژیمەی ئێران وەرگرتووە. دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەش بە خەیاڵی خۆیان لەو دەرفەتە کەلکیان وەرگرتووە و هەوڵیان داوە بە پێک هێنانی تۆڕ و باند و هێزی هەوبیری خۆیان لە ناوچەکە و تەنانەت لە رۆژئاوا و، بە خۆ تەیار کردن بە چەکی ناوکی و سازکردنی سارووخی دوور هاوێژ خۆیان بە هێز و مانەوەی دەسەڵاتەکەیان مسۆگەر بکەن.شکی تێدانیە لەو بارانەوە سەرکەوتووش بوون و ئێستا لە حاڵ و قۆناخێکدان کە بوونەتە مەترسی بۆ سەر قازانج و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانیش.

لە لایەکی دیکەشەوە ترسی نەمان کەوتۆتە دڵی دەسەڵاتدارانی ئێران و لە نێو خۆیاندا هاودەنگیی جارانیان نەماوە و، ئەوە دەبیندرێ خەڵکی وەزاڵە هاتووش رۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتییەکانیان دەر دەبڕن.

دەوڵەتە قازانجپەرستەکان ئێستا ئیدی نەک قازانجەکانیان لە مانەوەی ئەو رێژیمەدا نابینن بەڵکوو بۆیان بۆتە مەترسی و لە هەوڵی ئەوەدان خۆیانی لێ دوورکەنەوە، ئەوەش وێڕای لێدانی زەبری گاریگەرتر لە ئابوورییە دارماوەکەی کۆماری ئیسلامی دەبێتە هۆی قوڵتر بوونەوەی ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتدارەکانی کە بێشک خەڵکیش بۆ راپەڕینی چارەنووس ساز چاوەنەترستر و سوورتر دەکا.

کە وابوو مەرگی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شک و گوماندا نەماوە و «تاریخ مصرف»ی تەواو بووە.

داهاتووی ئێران چۆن دەبێ و کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چی دەست دەکەوێ بەستراوەتەوە بە ئاگایی و وشیاریی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هێز و لایەنە خەباتگێڕەکان کە خەڵکی کوردستان هیوایان پێیانە دەوریان لە دارشتنی ئەو داهاتوویەدا دەبێ.

گومانی تێدانیە ئەگەر یەکگرتوو و هاودەنگ نەبن و لە ئێستاوە هەنگاوی جیددی بۆ ئەو یەکگرتوویی و هاودەنگییە هەڵنەگرن کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی خەساری قەرەبوو نەکراو دێت و ئەو هەمووە زەحمەت

و فیداکاری و قوربانیدانە بە فیرۆ دەچێ.

ئەگەر درەنگیش بووبێ بەڵام دیسانیش دەرفەت هەرماوە بۆ ئەوەی هەموو حیزب و لایەنەکان لە دەوری ئاڵای کوردایەتی یەکبگرن و بەرژەوەندیە کەسی و رێکخراوەیی لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانماندا وەلا بنێن.

هەموو لایک مەبەستمان وەدی هێنانی مافی رەوای نەتەوەکەمانە و لە پێناویدا خوێن و قوربانی زۆرمانداوە کە وابوو پیرۆزترین ئامانجی هاوبەشمان هەیە و تا دەرفەت ماوە لە دەوری ئەو مەبەستە یەکبگرین.

٣ی فێبریوێری ٢٠١٦

## نامەیەک بۆ «وارشۆ»

سڵاو لە ئێوەی دژی بێدادی

هەڵگری ئاڵای ئاشتی و ئازادی

لەودەمەدا کە کەوتوونەتەگیر

بۆ نەهێشتنی سامی جیهانگیر

ئەونامەی منی کوردیش وەخوێنن

کورد ئەو گەلەی کە دڵ پڕلەخوێنن

لەوەتەی هەیە ژینی هەر ژانە

بێمافترین گەل لە رووی جیهاتە

حەساوە بوونی بە خۆی نەدیوە

هەر خوێن و خەمی لەسەر باریوە

جارێ لە جاران دادتان نەپرسی



لە ناڵەی ژێرچنگ چوارگورگی برسی
سپەر بوو لە شەڕ دژی بەڵاتان
لە پێناو سوودتان بوو بەفیداتان
زۆرتان بەڵێندا بۆی وەک برا بن
وەک چیاکانی پشت و پەنای بن
بەڵام داخەکەم کە خەمتان رەوی
هەرچیای خۆی مالەسەر گۆی زەوی
ئەو مەترسیانەی بۆی کۆوە بوونە
درندە بوونیان عەیان و روونە
زۆر لە مێژساڵە لە ماڵی کوردن
دژ و بکوژی درشت و وردن
ئەوە کورد هەرما و بێشک دەمێنێ
لە مەولاش هەر چۆک بە خۆف دادێنێ
بەڵام بۆ گەینە مافی سەربەستی
چاوی لێتانە تا بگرن دەستی

١٠ی فێبریوێری ٢٠١٦

لە خەمی لە دەستدانی عایشە خانمی هیندوەش دا:

## بۆنی خاک



دڵێک لە لێدان کەوت
پڕ لە گڕی کوردایەتی
هەناسەیەک وەستا
پڕ بوو لە بۆنی خاک
خوێنێک لە گەڕ کەوت
کە ئەیامێک
«قارەمان»ێک
تینوویەتیی گەڵجاڕی هیوای پێشکاند.

٣ی مارچی ٢٠١٦

## خۆزگە

خۆزگە ئەمڕۆ کە لە خەو هەڵدەستام
نەدەبوو ئەو تەگەرەی پێی وەستام
خۆزگە ڕێگە ڕێک دەبوو وەک دەستم
خۆزگە هەر عیشقی بەهار بوو هەستم
خۆزگە سەر لێوی ڕەوا نەیبا بار
خۆزگە ناو هەر بە وەفا دەیبوو دار
خۆزگە گیای دووبەرەکی گا دەیخوارد

خۆزگە خۆیی لە خەتا خۆی دەبوارد

خۆزگە ڤین ناخی کەسی پڕ نەدەکرد

خۆزگە کەس تینی دڵی سڕ نەدەکرد

خۆزگە هەر خۆم نەدەما خۆمان بووین

دەنگی یەکگرتن و هۆی هەرمان بووین

خۆزگە کەس یاری بە یاری نەدەکرد

خێڵی مەردایەتی باری نەدەکرد

خۆزگە دەبڕاوە شەڕ و خوێنڕشتن

بۆگەنی مێشکی نەفام هەڵمشتن

خۆزگە کوردایتی با لوتکەی بیر


بۆ هەموو کوردێ گزیر با یا میر

خۆزگە دەیکردنەوە گوێ، هاوارم

ئای لە داخ گوێی دە گران بێزارم.

٧ی مارچی ٢٠١٦

## هەر سەرکەوتووی کەبوودوەند.




٢٩ی مارچی ٢٠١٦



هەناسەتان بە تین دەکا


هەژانی سینگی کوردستان

بۆ هەستانی گەردەلوول و

رامالێنی شەوپەرستان.

١٨ی جوونی ٢٠١٦

---



قوڕتان بە سەر

قوڕتان بەسەر

هەتا پیسیی عەقڵ و بیرتان

لە بەر چاوی کوردبنوێنن،

هەتا بە کڵپەی گڵاوتان

تەرمەپیرۆزەکەی شەهید بشەمزێنن،


هەتادڕ بن

هەتا لە داخی حەق پڕ بن

زیاتر هیوای مردنی خۆتان وەدی دێنن.

٢٥ی جوونی ٢٠١٦

***با لە ساڵرۆژی شەهید بوونتدا یادت بکەینە گڕ و دەگیانی بکوژە دڵرەشەکانتی بەردەین ڕێبەری هەمیشە زیندوو ئەی دکتور قاسملوو.***



**سیی هەناسە**

**ئەی بۆ دەڵێن ئەوی رۆیی نایەتەوە،**

**هاتوویەوە و**

**دڵت پڕە**

**لە دەردی لێک تەوەللایی**

**لێوانلێوە**

**لە شۆق و شەوقی یەکبوون و**

**عیشق و سۆزی بێ کۆتایی.**

**هاتوویەوە و**

**تیشکی بیرت وەکوو جاران**

**دەزێتە نێو بزەی هیوا و**

**تەم و خەم و**

**تاریکایی شەوەزەنگی پڕ بێدەنگی**

**رادەماڵێ**

**لە بەژنی بووکی خۆزیاکان**

لزگە وشەی ورشەداری وانەکانی تۆ دەئاڵێ.

هاتوویەوە و پێماندەڵێی:

رۆڵەکانم!

چۆن دەتوانم جێتان بێڵم

لە بەردەمی دۆڕاوان و کوردخۆراندا

یان رەها کەم

گەرمیی دەست و تیشکی چاوتان

لە کارەساتی زستان و

نەهاتی باو بۆراندا.

لە گەڵتانم

وەکوو ئیمانی کێوین و

وەکوو ورەی پۆڵایین و

وەکوو دڵی پڕ ئەوین و

وەک زوڵاڵیی کانیی فێرگە

وەک دڵی خوێن

سیی هەناسە

وەک روونیی چاوی پێشمەرگە.

هاتوویەوە و

بازی نیگات فڕیوەتە

گوڵجاڕی سووری "کۆبانێ"

بە هەناسەی مەسیحاییت

"شنگال" و مان دەکەیتە یەک

"دیاربەکر" وەجۆش دێنی و

هۆ " قاسملوو"

وا دەکەی تا فریشتەی کورد

تاج و تەختی سەربەستیمان
لە چوارچرای قازی دانێ.

١٥ی پووشپەری ١٣٩٤ی هەتاوی

٢ی جوولای ٢٠١٦



هەر تیرە دەبارێتە دڵی کون کونی کوێستان
بێ وادە خەزان دێتە ڕەزی لالە بە دەستان
ژینی وا تاڵە،بەڵێ سەختە،گەلێ سەختە بەڵام
نیە توانا بگرێ پێشی گڕو ڕاپەڕ و هەستان.

٨ی جوولای ٢٠١٦

بەری ئاوی کانیاوتان کرت

لافاو هەستا،

شنەی باتان دروێنە کرد

گەردەلوولێ سەری هەڵدا،

قورتان بە سەر


هەر بکوژن

خوێن بمژن

ببنە کرمی ڕەگی ڕەزم

ئەگەر کوێر نین سەیرم بکەن

نەبەزیوم وقەت نابەزم.




٢٨ی جوولای ٢٠١٦



قوڕتان بە سەر

قوڕتان بەسەر

هەتا پیسیی عەقڵ و بیرتان

لە بەر چاوی کوردبنوێنن،

هەتا بە کلۆپەی گڵاوتان

تەرمە پیرۆزەکەی شەهید بشەمزێنن،

هەتادڕ بن

هەتا لە داخی حەق پڕ بن

زیاتر هیوای مردنی خۆتان وەدی دێنن.

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## هێڵی سوور



ئاوری ئەنفالیان تێبەردام نەتوامەوە.

بە بۆمبا و تۆپ ژێر پێ و دەور و بەریان کێڵام، کەوتم بەڵام هەستامەوە،

ریشەم هەر ما.

بە مشار و تەوری ستەم جەستەیان قەڵت و بڕ کردم، زیندوو مام و هەر نەمردم.

ژاریان کردە قورگ و سینەم بای باوەڕم بوو بە هەتوان.

لێرە و لەوێ هەر جار لایە لە جگەرمیان بە تیخی ژەنگاوی تیرۆر لێکردەوە، بە تیر چڵکنی نیفاق زامیان خستە دڵم، بەڵام خوێنی گەرم و ئاڵم لە گەڕانی هەرنەکەوت.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە، هەر گەڕاوە و هەر دەگەڕێ، هەر لە کوڵە و هەر دەکوڵێ.

بۆتە سام و دڵی پیسی بەدخوازانی کوردستانی داگرتوە،بۆتە گڕ و بەر بۆتە گیانی ئەوانەی کورد قرانیان لە بیر دایە، بۆتە هەستی کوردایەتی و تا هەتایە لە بن تایە.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە، وشەی ئاڵی مێژووی دوور و بەڵگەی روونی رەوا بوونی راپەڕین و یـاقوتی تاجی سەربەرزی و بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان هێڵی سوورە.

خوێنم خوێنی نێو دەماری پێشمەرگەیە لە تاریکی شەوی کوردا مەکۆی نوورە.

٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦


---

## خۆشەویستان

شەوی پێشوو دەستم لە نێو قژی خەیاڵ بوو بە شانە
بە شنە بای نەرمی هیوا
هەڵمی نیشتووی سەر ئاوێنەی دڵی شەیدام سڕایەوە
خامەی دەستم بوو بە کلچۆک
کلدانی هەست بۆ هاودەنگیی کلچۆکەکەی کرایەوە
هەموو وێکڕا
بۆ جوان کردنی کچی شێعرم وەخۆ کەوتن
چونکە زانیان ژوانی لە گەڵ کەسانێکە
بێوەی پیر بن
وەکوو درەخەت هەر لە سەر پێ
دەستیان کردە ملی خەوتن.



٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



پڕ لە شانازییە تا ئێستا هەموو دەفتەری من
جەرگی دوژمن دەبڕێ ڕۆژی هەرا خەنجەری من
شەرتە کردوومە لە گەڵ دایکی وەتەن یا دەمرم
یا لە دوژمن حەقی فەوتاوی گەلم وەردەگرم.
ئاسمانی ئەدەبی کوردستانم بە مام هێدی رازاوەترە.
سەفەرت خێر شاسواری کاروانی خەیاڵ.

٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---

## یادت قەڵایەکە و لە شکان نایە.




٢ی دیسەمبەری ٢٠١٦

# لوتکە



با شەمەکان بکوژێننەوە
... با پۆڵاکان بتوێننەوە
با باڵاکان دروێنە کەن
با ئاڵاکان بدرێنن
خێڵی تاوان چیان لە دەست دێ دەبا بیکەن
سڕکەن
شڕکەن
قڕکەن
بادەی جینایەتان فڕ کەن
ئەوی نابێ لوتکەی کوێستان
نە کورد دەمری نە کوردستان

٢٠ی دیسەمبەری ٢٠١٦


KURDISTAN
سڵاو لە شاعیر و تێکۆشەری دێرینی حیزب و گەل هاوڕێ مامۆستا بێبەش
ڕەحمان نەقشی